گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بنیاتی کات لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا

**م. ڕۆکان گوریل شعیا مربین**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Rokan.gawril@koyauniversity.org

**پ.ی.د. کیفی احمد عبدالقادر**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Kaify.ahmad@koyauniversity.org

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/١١/٣٠
پەسەندکردن:٢٠٢٤/١/١٥
بڵاو کردنەوە:بەهار٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Time,*
*story,*
*view, abbreviation,*
*repetition*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.14

## پوختە

ئەم لێکۆلینەوەیە، لە ژێر ناونیشانی" بنیاتی کات لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی" یە کات تەکنیکێکی سەرەکی و گرنگی کارە ئەدەبی و هونەرییەکانە، توێژەر لەژێر ئەم ناونیشانە، هەوڵیداوە گرنگی و ئەم تەکنیکی کاتە لەنێو هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی بخاتەڕوو، هەروەها لەڕێگەی ئەو ئەو بنیاتە گرنگەوە، کە هەقایەتخوان توانیویەتی بەشێوازێکی لێهاتوو و شارەزاییەکی تەواوەوە لەنێو هەقایەتدا بەکاریانبهێنێت، هەروەها توانیویەتی بە جوانی هەڵسوکەوت لەگەڵ کاتی ڕووداوەکاندا بکات و لەگەڵیان گەشەبکات و گۆڕانکاریی بکات، ئەوەی لەم توێژینەوەیە گرنگە، ئەوەیە تیشک خراوەتە سەر تەکنیکە گرنگەکانی کات، کە ڕۆڵی سەرەکی لە بنیاتنانی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان و بەکارهێنانیان لە لایەن هەقایەتخوانەوە دەبینن، هەروەها تیشک خراوەتە سەر تەکنیکی خێراکردنی کات و سستبوونی کات، کە ئەمانە ڕۆڵ دەبینن لە خێراکردن و سستبوونی کاتی گێڕانەوە، چونکە هەندێک دەستەواژە هەیە، کە لە نێو نموونەی هەقایەتەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، لە لایەن هەقایەتخوانەوە بەکارهاتووە، هەندێکجار بۆتە هۆی خێراکردنی کات و هەندێکجاریش بە پێچەوانەوە بۆتە هۆی سستبوونی کاتەکەی،

هەندێکجاریش بەهۆی ئەم تەکنیکانەوە، کاتی گێڕانەوە نزیکبۆتەوە لە پلەی وەستان، بە تایبەتی لە کاتی بەکارهێنانی تەکنیکی وەسفدا، کە لە توێژینەوەکەماندا ئاماژەمان بۆ کردووە.

## پێشەکی :

هەقایەت لە نێو جیهانی پاڵە و جوتیاران و گیانلەبەرانی تر پەرەدەگرێ، کوردیش لەو نەتەوانەیە کە زۆر زوو دێهات و کۆمەڵگەی کشتوکاڵی پێکەوە ناوە، بگرە لەم ڕووەوە پێش گەلانی دەوروبەری کەوتووە. بەپێی بۆچوونی ئاسەوارناسان و دۆزینەوەکانی بەم دواییە، لەلایەن تیمێکی بەریتانییەوە دەریانخستووە، کە گوندی (بێستان سوور) دەکەوێتە دەشتی شارەزوور، نزیک شارۆچکەی عەربەت لە پارێزگای سلێمانی:- کۆنترین گوند بێستان سوور کشتوکاڵییە لە عێراق و ناوچەکە- کە مێژووەکەی بۆ ١١ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، لە گوندی (چەرموو)ش کۆنترە، ئەم گوندە قۆناغی گواستنەوەی ژیانی مرۆڤە لە ئەشکەوتەوە بۆ نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ کردن.

ئێمەی کورد لە کۆنەوە گوێمان بە بیستنی گێڕانەوەی هەقایەت ڕاهاتووە، زۆر ناویشمان لێناوە، وەک: سەرگوزەشتە، هەقایەت، مەتەڵۆک، ڕاز، سەربوردە، چیرۆک. لە لایەکی دیکەوە، ئەو مێژووەی هەمانە وەک خۆی بە ئێمە نەگەیشتووە، بەڵکو بە کەموکورتیی زۆرەوە تۆمارکراوە، بگرە زۆرجار لە لایەن داگیرکەرانەوە نووسراوەتەوە، بۆیە مێژوویەکی چەواشەیە و ڕاستی تێدا ونە، لەم ڕووەوە دەکرێ سوود لەو بەیت و هەقایەتانە وەربگرین، کە دەماودەم هاتوون و بەوپەڕی ڕاستگۆیییەوە ڕووداوە مێژووییەکان دەگێڕنەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین هەقایەتە فۆلکلۆرییەکان ڕۆڵی سەرەکی لە گەیاندنی ئەو ڕووداوانەدا دەبینێت، کە بەسەر کۆمەڵگادا هاتوون و توانیویانە ڕاستگۆیانە ڕووداوەکان بۆ ناو ئەو مێژووەیەی کە هەمانە بگوازێنەوە.

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە(بنیاتی کات لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی) هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی لایەنەکانی بنیاتی کات و گرنگی کات لەنێو هەقایەتی کوردیدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** بە مەبەستی بەخشینی مۆرکێکی زانستی و ئەکادیمی بە توێژینەوەکەمان میتۆدی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە، بەگوێرەی ئەم میتۆدە باسمان لە بنیاتی کاتی گێڕانەوەمان کردووە، کە پێکهاتووە لە خێراکردن و سستکردنی کاتی گێڕانەوەکان، سنووری توێژینەوەکەمان تایبەت کردووە بەو هەقایەتانەی دەکەونە نێو کوردی ناوەڕاست و کارمان لەسەر کردوون و لەسەر ئەم میتۆدە خستوومانەتەڕوو، ڕێبازێکی گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** سنووری لێکۆڵینەوەکەمان لە ڕووی بابەتەوە سنووردارمان کردووە، تەنها باسی بنیاتی کات لە هەقایەتە فۆلکلۆرییە کوردییەکانمان کردووە و بەلای ئەو هەقایەتانەدا چووین، کە نووسراونەوەتەوە و تۆمارکراون بە زاری کرمانجی نێوەڕاست گێڕدراونەتەوە.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکەمان لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا باسمان لە چەمک و زاراوەی هەقایەت و تایبەتمەندییەکانی هەقایەتی کردووە، دواتر باسمان لە بنیاتی کات و سیستەمی کات لە هەقایەتی فۆلکلۆری کردووە، لە بەشی دووەمیشدا، کە لایەنی کرداریی و پراکتیکییە، لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە بنیاتی کات لە هەقایەتی فۆلکلۆریدا کردووە، دواتر باسمان لە جۆرەکانی کات و ئەو تەکنیکانەی، کە دەبنە هۆی خێراکردنی کات و سستبوونی کات کردووە، لە تەوەری دووەمیش باسمان لە سیستەمی کات کردووە لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی، لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە و سەرچاوەکانمان خستۆتەڕوو.

## بەشی یەکەم:

### بەندی یەکەم: چەمک و زاراوەی حیکایەت

ئەگەر ئاوڕێک لە سەردەمانی کۆن و دوور بدەینەوە، بە هەموو گۆشە و کەناری وڵاتەکەمان بگەڕێین، گوێڕایەڵی ئەو قسەو باس و چیرۆکانەی کە وا لە ناخ و دەروونی مرۆڤە بە ساڵەچووەکاندا چەسپاوە و لانەی گرتووە، دەبینین هەزاران چیرۆک و حیکایەت و مەتەڵ و سەرگوزەشتە و باسی فۆلکلۆری سەیر و سەرسوڕهێنەرمان دێتە بەر گوێ، کە نەتەوە بە درێژایی ڕۆژگار و مێژوو خوڵقاندوویەتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر ئەویش خاوەنی ڕاستەقینەیانە، نەک تاکە کەسێک یا خەڵکی ناوچەیەکی تایبەتی، هەر یەکەش لەو باسانە ڕەنگ و بۆن و تاموچێژی تایبەتی خۆی هەیە، لەوەتی دنیا هەیە ئادەمیزاد ئەم کەلەپوور و سامانەی هێناوەتە کایەوە و پشتاوپشت وەکو میرایەتییەک بۆی ماوەتەوە، هەر نەتەوەیەکیش بەو سامانەی خۆی سەربەرزە و شانازی پێوەدەکات.

لەبارەی وشەی هەقایەت لە زمانی کوردیدا بێجگە لە وشەی هەقایەت چەند وشەیەکی ترمان هەیە، هەمان واتای هەقایەت لەخۆدەگرن و گوزارشت لەو ژانرە دەکەن، ئەوانیش ((سەرگوزەشتە))(ڕەسوڵ، ٢٠١٠، ٢٤)، یاخود ((حیکایەتی بەرئاگردان))(عومەر، ٢٠١٢، ٢٨٣)، هەروەها لە هەندێک لە کتێبەکان ((حەقایەت)) بەکارهاتووە (فتوحی، وەیسی، ٢٠١٤، ١٣)، جگە لەمانەش هەندێک کات ((حەکایەت))یش بەرچاودەکەوێت (جووتیار، ٢٠٠٨، ٧)، سەبارەت بە ناساندنی چەمکی حیکایەت، لە ڕووی زمانەوانی وا پێویست دەکات، کە لە فەرهەنگی کوردی و هەندێک لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی ترەوە دەستپێبکەین، لەمبارەیەوە ئەگەر سەیری چەمکی حیکایەت بکەین، لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا زیاتر جەخت لەسەر گێڕانەوە و دووان کراوە. هەروەک چۆن لە فەرهەنگی (لسان العرب) حیکایەت بە ((واتای گێڕانەوە، ئاخاوتن، دووان: هاتووە هەروەک بۆ فڵانم گێڕایەوە، وەکو ئەوم کرد چۆن ئەو کردی، ئەوەم گوت وەکو گوتنی ئەو، ئەوەشم بۆ گێڕایەوە، کە ڕووداوی حیکایەتەی تێدا هاتووە))(ابن المنظور، ٢٠٠٩، ٢٣٦).

سەبارەت بەو وشانەی بەرامبەر حیکایەت بەکارهاتوون لەمبارەیەوە (محمد فریق حسن) لە کتێبی (مەملەکەتی ماسی) بەمجۆرە باس لە زاراوەی حیکایەت دەکات و دەڵێت: ((ئێمەی کورد، لە کۆنەوە گوێمان بە حیکایەت ڕاهاتووە. زۆر ناویشمان لێناوە. وەک: سەرگوزەشتە، هەقایەت، مەتەڵۆک، ڕاز، سەربوردە، چیرۆک))(حسن، ١٩٩٧، ٧).

نووسەری ناوداری عەرەب (نەبیلە ئیبراهیم) لە بارەی پێناسەی (حیکایەت)ەوە دەڵێت: ((دەکرێت پێناسەی بکەین ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگە بیانییەکان. لە فەرهەنگی ئەڵمانی وا پێناسە کراوە بەوەی بریتییە لە هەواڵی پەیوەست بە ڕوداوێکی کۆن، کە لە ڕێگەی گێڕانەوەی زارەکییەوە لە نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە، یان بریتییە لە دروستکراوێکی ئازاد لە نێو خەیاڵی جەماوەرییەوە کە لە دەوری ڕوداوێکی گرنگ و کەسایەتی و شوێنە مێژووییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت))(ابراهیم، ١٩٩١،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٩). لەم پێناسەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا حەکایەتەکان هەرچەندە لە خەیاڵ و شتی خورافی پێکدێن، هەروەکو ئەو لێکۆڵەرە ئاماژەی بۆ کردووە، بەڵام زۆرجاریش دەبینین ئەم حەکایەتانە ڕەگی واقیعییان هەیە و پشتیان بە ڕووداوێکی مێژوویی بەستووە. هەروەها لە فەرهەنگی (مختار الصحاح) چەمکی حیکایەت بەوە هاتووە ((گێڕانەوە، وتەکانی گێڕایەوە و دەگێڕێتەوە و دەڵێت و دەدوێت لە ڕووی زمانەوانییەوە، هەروەها کارەکەی دەگێڕێتەوە، وەکو ئەو دەیکات و کاری هاوشێوە لاسایی ئەو دەکاتەوە، لێکچواندن))(الرازی، ١٩٨٦، ٦٢). لەو فەرهەنگانەی خستمانەڕوو، واتای وشەکە لە هەموویاندا لێکنزیکە زۆربەیان لەسەر یەک شت کۆکن، ئەویش گواستنەوە و وەسفکردنی ئاخاوتنە. واتە دەتوانین بڵێین هەقایەت کەسێک قسەی یەکێکی تر یان دەربارەی یەکێکی دیکە دەگێڕێتەوە. هەروەها لە فارسی لە بەرامبەر چەمکی هەقایەت ((گواستنەوە، ڕووداو، گێڕانەوە، سەرگوزەشتە، جارێکی تر گوتنەوەی شتێک، لە ڕووی ئەدەبییەوە بەجۆرە داستانێکی سادە و زۆربەی جار کورت، واقیعی یان دروستکراو دەگوترێت، کە لەنێو خەڵکیدا ناوبانگی پەیداکردووە و نووسەران بۆ ڕوونکردنەوەی بابەت و مەبەستیان، یاخود مەبەستی جوانی و بەهێزکردنی گوتنەکانیان سوودیان لێوەگرتووە))(مام صوفی، ٢٠٢١، ١٨).

## بەندی دووەم: تایبەتییەکانی هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی:

سەبارەت بە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، لە کۆی ئەو سەرچاوە و کتێبانەی کە کەتۆتە بەردەستمان و خوێندوومانەتەوە، دەبینین سەرچاوەکان زیاتر لەسەر بنەمای چەند هەقایەتێک تایبەتمەندییەکانیان دیاریکردووە، ئێمەش لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەین چەند تایبەتمەندییەکی گرنگ دیاریبکەین، کە جیابێت لە ژانرەکانی تر و ببنە کلیلێک بۆ ناساندنی ئەمجۆرە ژانرە ئەدەبییە، لەوانەش:

١- سادەیی زمان، دەبینین هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی لە ڕووی زمانی گێڕانەوەدا زمانێکی سادە و بێ خەوشە، واتە وەکو ژانری تری ئەدەب لەوانە شیعر کەمترین یاری زمانی تێدا ئەنجامدراوە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە زۆرینەی خەڵک لە زمانی گێڕانەوەکەدا تێبگەن و کێشەی تێگەیشتن بۆ گوێگر دروست نەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢- لە ڕووی گێـڕانەوەوە وابەسـتەنەبوون بە هـیچ کەسـێکەوە، نەبـوونی یەکەمـین دروسـتکەر و دەستپێکەری هەقایەتەکان، واتە خاوەنەکەی دیارنییە، واتە هەڵقووڵاوی ناو خەڵکە.

٣- ((حیکایەتخوان، بەپێی باری دەروونیی کەسانی ناو حیکایەتەکە و هەڵکشان و داکشانی ڕووداوەکان تۆنی دەنگی دەگۆڕی، وەک نمایش بکات، لەگەڵ دایەلۆگ و ڕووداودا هەڵدەستاو دادەنیشت و بە جەستەی خۆی جۆرەها جووڵەو هێمای دەنواند. دەنگ هەڵبڕین و تووڕەبوون لەکاتی جەنگدا. نەرم و نیانی لەکاتی خۆشەویستیدا. سۆزێکی زۆر لە کاتی بەسەرهاتە دڵتەزێنەکاندا تێکەڵ بە گێڕانەوە دەبوو. بەپێی هەڵوێستەکان گوێگری هێناوەتەوە گریان و پێکەنین. لە کاتی تووڕەبووندا دەستی بۆ کەمەری بردووە وەک شمشێر بکێشێ. یان مستەکۆڵەی بەمێزەکەی بەردەمیدا کێشاوە، تاکو بەچاکی ئەو خەڵکە بۆ ناو ڕووداوەکان ڕابکێشێ))(حسن، ١٩٩٧، ٩).

٤- گۆڕانکاریی حیکایەتخوان، حیکایەت دەکەوێتە ژێر کاریگەریی حیکایەتخوان، بەو شێوەیەی خۆی مەبەستییەتی گۆڕانی تێدا دەکات، لە فڕێدانی هەندێک کەرەستە و دانانی هەندیک کەرەستەی دیکە، تەنانەت لە ژێر بارودۆخی سەردەم و ئایینیش وا دەکات هەندێک بابەت فڕێ بدرێن کە لەگەڵ بیروباوەڕ نەگونجێن (مام صوفی، ٢٠٢١، ٢٤).

٥- لە هەندێک هەقایەت دەبینین حیکایەتخوان ڕووداوەکانی نێو هەقایەتەکە لە کاتی گێڕانەوەدا دەداتە پاڵ گیانەوەران و لەسەر زمانی ئەوانەوە دەگێڕێتەوە، ئەم خستنەپاڵەش بە دڵنیاییەوە مەبەستی لە پشتەوە بووە، وەکو خۆ دوورخستنەوە بێت لە کەسانی دەسەڵاتدارەوە، کاتێک حیکایەتخوان بە زمانی ئەوانەوە دەیگێڕێتەوە، کە مەبەستەکەی بۆ مرۆڤ و کاروکردەوەکانی دەگەڕێتەوە، کە بە هۆی گیانلەبەرانەوە دەیانخاتەڕوو.

٦- سەبارەت بە دەستپێکی هەقاتەکان ئەوانەی کەوتۆتە بەردەستمان و خوێندوومانەتەوە، حیکایەتخوان لە دەستپێک ئاماژە بە چەند دەربڕینێک دەکات بۆ چوونە نێو هەقایەتەکەوە، لەوانە، بە ناوی خودا، هەبوو نەبوو، یەکێ هەبوو یەکێ نەبوو، هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندەی درۆزنتر نەبوو، چەندین دەربڕینی تر هەن، هەموو ئەمانەش بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر و گوێگر بووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٧- لە کۆتایی هەقایەتدا قوفلی تایبەت هەبووە، وەک: چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز، یان منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ، یاخود کەشم دڕاو هیچم پێ نەبڕا (حسن، ١٩٩٧، ١١). مەستمان لە "قوفڵ" ئەوەبوو لە کۆتایی حیکایەت گێڕەرەوە قسەی کۆتایی خۆی دەکات، کە دوای گێڕانەوە و ماندووبوون، هیچ شتێکی پێنەبەڕاوە، وەکو ئەوەی خۆی بە مەغدوور زانیبێ، ئەوەش زیاتر بۆ مەبەستی جوانکاری و سەرنجراکێشی گوێگر یان خوێنەر بووە.

٨- لەرووی ناوەرۆکەوە، تایبەتمەندی هەقایەتی کوردی لەوەدایە ، کەوا " هەمەجۆری جیهانەکان: حیکایەت چەندین جۆر جیهان لەخۆدەگرێت، وەکو: جیهانی مرۆڤ، جیهانی جنۆکە، جیهانی گیانەوەران، جیهانی باڵندە، جیهانی ماسییەکان و جیهانی شار و گوند و دارستانە چڕەکان" (مام صوفی، ٢٠٢١، ٢٥).

٩- خاڵێکی تر ئەوەبوو "حیکایەتخوانەکان زیاتر کەسانی بەساڵاچوو بوون. لەمبارەیەوە (احمد مرسی)دەڵێت: " وا باوە حیکایەتخوانە هەرە چاکەکان لەنێوان بە تەمەنەکاندا هەڵدەکەون" (مرسی، ١٩٧٥، ١٣٥). دەبینین ئەو پیاوە بەساڵاچوانەی زەوق و سەلیقەی هەقایەتیان هەبووە چەندین هەقایەتی فۆلکلۆرییان لەبەربووە و لە دانیشتنەکاندا گێڕاویانەتەوە و دەماودەم ماوەتەوە و بڵاوبۆتەوە.

١٠- سـەبارەت بە هەڵوێسـتی حیکـایەتخوان لەوەی کە دەیگێـڕێتەوە، (احمـد مرسـی) لەمبـارەیەوە دەڵێت: " ناکرێ حیکایەتخوان و بەیتبێژ سەبارەت بەوەی کە دەیگێڕنەوە یـان دەیچـڕن بێلایەن بـن. ئەوان هەمیشـە دەچـنە پـاڵ هەڵوێسـتی پـاڵەوانی هەژاری نـاو حیکـایەتەکە، کە لەگەڵ کەسـێتییە بە دەسەڵات و شەڕانییەکەدا ململانێیەتی" (مرسی، ١٩٧٥، ١٤٤).

١١- یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی هەقایەت ئەوەیە، زۆربەی کات هەقایەت بە خۆشی کۆتایی دێت، پاڵەوان دەگات بە ئامانج و هاوسەرگیریکردن، کە لە پێناوی دەجەنگێت و دوای ململانێیەکی زۆر و دانانی چەندین مەرجی قورس لەگەڵ دڵخوازەکەی بەیەک دەگەن و هاوسەرگیری دەکەن، هەندێک کاتیش بە ناخۆشی کۆتایی دێت و ئەوەی بە دەستی هێناوە و بۆی دەجەنگێت لە دەستی دەدات.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٢- " پاڵەوانی حیکایەتەکان لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵەوە هاتوون. لە کوڕە کەچەڵەوە بۆ بازرگان باشی و پادشا (حسن، ١٩٩٧، ١٣).

١٣- هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی، یەکێکە لەو ژانرانەی، کە دەماودەم دەگێڕدرێتەوە واتە بەشێوەی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەتەوە، لەگەڵ گواستنەوەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر مۆرکی ئەو ناوچەیەی وەرگرتووە، کە پێی گێڕدراوەتەوە، تاوەکو بە ئێمە گەیشتوو.

١٤- ئەو بابەت و ناوەرۆکەی کە لەنێو هەقایەتەکان دەگێڕدرێنەوە، ناتوانین بڵێین نوێ و تازەبێت، بۆیە بابەتەکان بۆ سەردەمانی زوو و کۆمەڵگاکانی زوون، کە لە یادکراون، بۆیە دەبینین ئەم ناوەرۆکانە نیشاندەری کلتوور و دابونەریت و ژیانی خەڵکانی سەردەمانی کۆنە.

## بەندی سێیەم: پێناسەی کات:

کات و سەردەم توخمێکی سەرەکی و گرنگی کارە ئەدەبی و هونەرییەکانە، لە هەمان کاتدا کات، لەلای شارەزایان و بیرمەندانی بواری فەلسەفە بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە، هەر لەو ساتەوەی، هەست بە گرنگی کات لە ژیاندا کراوە، بۆیە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ داڕێژراوە، دەبینین کات وەک توخمێکی سەرەکی گرنگی خۆی هەیە، کاتی نێو دەقی ئەدەبیش کە لە هەر توخمێکی ئەدەبیدا بێت، بە چەندین جۆر و شێوە خۆی نیشاندەدات، چونکە کات تەنها بە توخمێکی سەرەکی چیرۆک و ڕۆمان دانانرێت، بەڵکو یەکێکە لە هۆکار و فاکتەرە گرنگەکانی نێو کایەی ژیان و بوارەکانی دیکەی ژیان، ئەوەی ڕۆڵی گرنگ لە ڕێکخستنی ئەم بوارانە دەبینێت، کاتە، چونکە تەواوی ژیان پەیوەستە بە کاتەوە و ناتوانین خۆمانی لێ جیابکەینەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین: ((یەکێک لەو چەمکانەی هەر لە دێرزەمانەوە مرۆڤی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە (کات)ە. کات بابەتێکە لە ئەفسانە، شیعر و فەلسەفەداو بیرکردنەوەی مرۆڤیش لە دۆخەکانی کات یەکێکە لە دەوڵەمەنترین و قوڵترین فەسڵەکانی ئەو بیرکردنەوەیە، کە هیچ کەلتوور و کۆمەڵگایەکمان نییە تێیدا نەبووبێتە بەشێکی گرنگ لە وێناکردنەکانی و هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆیی لە جیهاندا نییە بیری لە کات نەکردبێتەوە)( عەلی، ٢٠١٠، ٧٦). کەواتە گرنگی پێدانی کات هەر لە سەرەتا و لە کۆنەوە گرنگ و بایەخی خۆی هەبووە و گرنگییەکەشی لەو سەردەمەدا بووە، کە دەستیپێکردووە، هەست بە بوونی کراوە، ئەمەش وایکردووە کات ببێتە یەکێک

لەو تەوەرانەی چۆن لە ژیاندا هەڵوەستەی لەسەر کراوە، هەر بەو چەشنەش لە هەقایەت و چیرۆک و ڕۆمانیشدا جێگەی گرنگی پێدانی نووسەران بێت، بۆیە (چۆن ژیان بەبێ کات سیستەمی بوونی خۆی لە دەست دەدات ئاواش لە کاری ئەدەبیدا بە تایبەتی لە چیرۆک و ڕۆماندا ناتوانرێت لە دەق داببڕێت)(ڕەشید، ١٩٩٩، ٩٥). لەمەوە دەتوانین بڵێین: ناتوانین بەشێوەیەکی ڕەها ئەو گرنگییە بەسەر هەموو جۆرەکانی ئەدەبدا بە شێوەیەکی یەکسان بگشتێنین، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەسەر جۆرەکانی ئەدەبدا دابەشبووە، هەیانە سەرەکیی و بنەڕەتییە، هەیانە بە ڕێژەیەکی نێوەنجی و هەشیانە بەشێوەیەکی لاوەکی. لە هەمان کاتدا جۆرەکانی کات لە نێو جۆرەکانی ئەدەبدا جیاوازییان هەیە، چونکە جۆری ئەدەبی هەیە، زۆر جەخت لەسەر ئێستا و داهاتوو دەکات، هەشیانە لەسەر بنەمای ڕابردوو بنیاتنراوە، کە ئەمجۆرەیان، ئەفسانە و هەقایەتی فۆلکلۆری و داستانە فۆلکلۆرییەکان دەگرێتەوە. بەمشێوەیە، کات لە هەقایەتدا کاتێکی ڕابردووە و بەسەرچووە، لەو کاتە ڕابردووەدا هەقایەتی وا گێڕدراونەتەوە، بوونەتە جێگای شانازی مرۆڤایەتی بەگشتی و ئەو نەتەوانەی خۆیان بە خاوەنی دەزانن، هەروەها ئەوەی شایانی باسە، کە ڕابردووی هەقایەت بەشێوەیەکی تەواو دابڕاوە لە کاتی داهاتوو، بەجۆرێک ناتوانین تێیپەڕێنین.

لەمەوە دەتوانین بڵێین: لەو ڕابردووە شکۆدارەدا چەندین وێنەی هەقایەت دەبینین، کە ڕەگەزی ئەفسانەییان تێدایە، لەهەمان کاتدا هەقایەتی فۆلکلۆریش بەڕێژەیەکی بەرچاو باسی لێوە کراوە و گێڕدراوەتەوە، کە بوونەتە مایەی ئامۆژگاری و پەند و عیبرەت وەرگرتن لەو ڕووداوانەی، کە تێیدا باسی لێوەکراوە. بۆیە تۆمارکردن و گێڕانەوە و گرنگی پێدانی ئەو کارەسات و ڕووداوانەی کە لە ڕابردوو ڕوویانداوە، هیچ بوونێکی سەردەمیانەی نییە، بێگومان ئەمەش مەبەستی خۆی هەیە، ئەویش زانین و تێگەیشتنە لە ڕابردووی نەتەوە و مرۆڤایەتی، ئەمەش بووەتە مایەی دەرس و پەند وەرگرتن لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، بەجۆرێک دەتوانین بە لێکدانەوەی جیاواز شییان بکەینەوە، بۆیە نووسەر دەتوانێت بەپێی تێگەیشتن و تێڕوانینی خۆی کارێکی نوێی لێ بەرهەمبهێنێتەوە، مەرج نییە کە کۆپی بەرهەمە کۆنەکە دووبارە بکاتەوە، کەواتە (هێنانی ڕابردوو، و باسکردنی لە ئێستادا بۆ ئەوە نییە ئەو ڕابردووە وەکو خۆی دووبارە بکاتەوە و هەمان دەلالەتی جارانی پێبدات، بەڵکو بۆ ئەوەیە گوتارێکی نوێ بخاتە بەر دیدی خوێنەران و ئەوانیش

بەشداربن لە بەرهەمهێنان و دامەزراندنی واتای دیکە لە ڕێی قەناعەت و خوێندنەوەکانی خۆیانەوە) (ئەڵوەنی، ٢٠١٣، ٤٦). کەواتە دەتوانین بڵێین: ڕووداوی هەقایەتە فۆلکلۆرییەکانی کوردیش هەموویان لەسەر بنەمایەکی ڕابردوو بنیاتنراون، ئەو ڕابردووە بە شێوەیەکی شکۆدار و مەزن خراوەتەڕوو یاخود گێڕدراوەتەوە بەجۆرێک زۆر لە هەقایەتەکان بووەنەتە مایەی شانازیکردن بۆ میللەت و ئەدەبەکەمان.

لە کۆی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە کات گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێتە ناوەندێک، کە هەقایەتی لەسەر بنیاتدەنرێت و وەک توخمێکی سەرەکی کار لە هەموو توخمەکانی دیکەی هەقایەت بکات و هەر لەو ڕێگەیەشەوە کاریگەری خۆی دەنوێنێت.

کات لە ژیانی ئاساییداو بەشێوەیەکی گشتی وەک ئاماژەمان پێکرد، جۆرەکانی بۆ (ڕابردوو، ئێستاو داهاتوو) دابەشدەبێت، کە ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی بەدوای یەکدا دێن، کە هەندێکجار ئەمجۆرە بەدوای یەکدا هاتنە لە هەقایەت و چیرۆکدا هەستی پێدەکرێت و هەندێک جاریش پێشخستن و پاشخستن و گۆڕانکاری بەسەر بەدواییەکداهاتنی کاتدا دێت و ئەم گۆڕانکارییەش گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە و دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرە جیاجیاکانی کات، کەواتە لە هەقایەتدا مەرجی پێویست نییە، کە کات وەک ئەو کاتە بێت، کە لە ژیاندا هەیە و بەشێوەی زنجیرەیی ڕۆژ و هەفتەو مانگ و وەرز و ساڵ بەدوای یەکدا بێن، بۆیە دەبینین: لە هەقایەتدا ((مەرج نییە کات وەکو وەرز و ساڵ، زریزەیی بێت، بەڵکو دەشێ کاتەکە جیوەیی بێت، باز بدات، گرژ یان خاو ببێتەوە، تێکهەڵکێش بێت یان یەکتر بڕوا... تاد، وەلێ زۆر گرنگە، کە پێشبینی داهاتوو بکات))(سەراج، ٢٠٠٧، ٥٤). کەواتە هەقایەتخوان بەگوێرەی هزر و بۆچوونی خۆی ئازادە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کاتدا، لەبەرئەوەی کات لە هەقایەتدا ((ئەو کاتە ڕێژەییەیە کە چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و جوڵانەوەی کەسیەتییەکان لە ئێستا و ڕابردوو و ئایندەدا بەگوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێکستەکە ڕێکدەخات و بەگونجاوترین شێوە گوزارشت لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و فیکری ئەوان لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەکات و فەلسەفەی ژیانیان، لە سەرەتا و تا کۆتایی ڕووداوەکان پیشاندەدات))(ئەڵوەنی، ٢٠٠٤، ٥٤)). واتە بەشەکانی کات ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو لە خۆدەگرێت، بەڵام حەکایەتخوان بە پێی ئەو گۆشەنیگایەی کە هەیەتی بۆ

گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەتوانێت شێوازی کاتی گێڕانەوەکە دیاریبکات و وەک پێکهاتەیەکی ئاڵۆز کاتەکان بجووڵێنێت و ئاڵوگۆڕیان پێبکات، کەواتە کات لە هەقایەتدا ئەو ماوەیەیە، بەسەرهات و ڕووداوی تێدا ڕوودەدات، کە کارەکتەرەکان ئەنجامی دەدەن.
کاتی دەقی چیرۆک بە شێوەیەکی گشتی بۆ کاتی هەقایەت و کاتی گێڕانەوە دابەشدەبێت.  کاتی هەقایەت ئەو کاتەیە، ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی تێدا لە دایکبووە، بەڵام کاتی گێڕانەوە ئەو کاتەیە، ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەی پێ دەگێڕدرێتەوە، هەروەها گرنگترین تایبەتمەندی و جیاوازی نێوان ئەم دوو کاتە ئەوەیە، کە لە کاتی هەقایەتدا ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەدوای یەکدا ڕوودەدەن و لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و لە ئێستاشەوە بۆ داهاتوو، لەسەر ڕێڕەوێکی ڕاست دەڕۆن و ناگەڕێنەوە دواوە، بەڵام تایبەتمەندی کاتی گێڕانەوە ئەوەیە، کە چیرۆکنووس دەتوانێت بە ویستی خۆی کاتی ڕووداوەکان دابڕێژێت و هەڵبەزو دابەزو پێشخستن و دواخستنیان تێدابکات (سەڕاج، ٢٠٠٧، ٥٥). ئەم دابەشکردنەش بۆ دەقی هەقایەتی فۆلکلۆری دەشی پراکتیزە بکرێت، چونکە ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو ڕوویانداوە بەشێوەی زنجیرەیی بەدوای یەکدا ڕوویانداوە و لەسەر ڕێڕەوێکی ڕاست دەڕۆن و ناگەڕێنەوە دواوە.

## بەشی دووەم:

### بەندی یەکەم: جۆرەکانی سیستەمی کات لە نێو هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا

کات لەم ڕووەوە پەیوەندی بە بزاوتی گێڕانەوە هەیە، بزاوتی گێڕانەوەش لەو پەیوەندییەوە دەستنیشاندەکرێت، کە لە نێوان کاتی هەقایەت، بە خولەک و چرکە و کاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەپێورێت، لەگەڵ درێژی هەقایەت بە ڕستە و دێڕ و پەرەگراف و لاپەڕە دەپێورێت، بەمەش دیارە کەوا درێژی هەقایەتیش پەیوەندی بە کاتی گێڕانەوە هەیە، ئەم درێژییەش لەلایەن حیکاتەخوان کۆنترۆڵ دەکرێت و بە ئارەزووی خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات، لەمبارەیەوە دەبینین، کەوا ڕووداوی چەندین ساڵ لە چەند دێڕێکدا کورتدەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەبینین زۆرجار لەلایەن هەقایەتخوانەوە ڕووداوێکی بچووک یاخود دانیشتنی شەوان گێڕانەوەکەی درێژ دەکاتەوە، بە هەمان شێوەش زۆرجار دەبینین ڕووداوێکی گەورە بە چەند دێڕێک باسدەکات و تەواوی دەکات،

ئەمە تەکنیکی بە هونەری کردنی گێڕانەوە لە هونەرەکانی گێڕانەوەدا وەک چیرۆکی هونەری و نۆڤلێت و ڕۆمان بۆ ئەوەی کاری گێڕانەوە لە گێڕانەوەی ئاسایییەوە بگوازێتەوە بۆ گێڕانەوەیەکی هونەری.

لەنێو هەقایەتی فۆلکلۆریدا گێڕەرەوەی هەقایەتی فۆلکلۆری، لە دارشتن و ڕێکخستنی ڕووداوەکانی هەقایەتدا بۆ خێراکردن و سستکردنی کات، لە گێڕانەوەی ڕووداودا سیستەمی کاتیان بەکارهێناوە، واتا ڕووداوەکانی هەقایەت بۆ خێراکردن و سستکردنی کات سوودیان لە تەکنیکەکانی سیستەمی کات بینیوە و بەگوێرەی پێویستییە هونەرییەکان بەکاریانهێناوە، بەجۆرێک دروستدەبێت ئەگەر کاتی گێڕانەوە کەمتر بێت لە کاتی هەقایەت، واتا ئەگەر کاتی گێڕانەوە لە کاتی هەقایەت کەمتر بوو، ئەوا کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی هەقایەت خێراکراوە و لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا سیستەمی خێراکردنی کاتی تێدابەکارهێنراوە، واتا گێڕەرەوە بە خێرایی بەسەر گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا ڕەتبووە، کە لە ماوەیەکی درێژدا ڕوویانداوە و لە هەقایەتیشدا بە ماوەیەکی کورت و خێرا گێڕدراونەتەوە.

بۆ دەستنیشانکردنی بزاوتی گێڕانەوە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا چوار تەکنیکمان هەیە، دووانیان کە (کورتکردنەوە و لابردن)ن، تایبەتن بە خێرایی گێڕانەوە و دوانەکەی تریشیان کە (دیمەن و وەسف)ن، تایبەتن بە سستی گێڕانەوە.

**١- کورتکردنەوە**

کورتکردنەوە سیستەمێکی کاتە لە هەقایەتدا دروستدەبێت، ئەگەر کاتی گێڕانەوە کەمتربێت لە کاتی هەقایەت، ئەوا کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی هەقایەت خێراکراوە و لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا سیستەمی خێراکردنی کاتی تێدابەکارهێنراوە، هەروەها ((کورتکردنەوە وەکو یەکێک لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە، کە "فیلدینگ" بە یەکەم دۆزەرەوەی دادەنرێت و بریتییە لە کورتکردنەوە یان چڕکردنەوەی ڕووداوی چەندین ڕۆژ یان چەندین مانگ و ساڵ لە پەرەگرافێک یان چەند لاپەڕەیەک، بێئەوەی کە نووسەر درێژە بە وردودرشتی ڕووداوەکان بدات))(سەعید، ٢٠٠٩، ١١١). واتە گێڕەرەوە بە خێرایی بەسەر گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا ڕەتبووە، کە لەماوەیەکی درێژدا ڕوویانداوە و

لە هەقایەتیشدا بە ماوەیەکی کورت و خێرا گێڕدراونەتەوە، کەواتە کورتکردنەوە ((بریتییە لە گێڕانەوەی چەند ڕۆژێک یان چەند مانگ و ساڵێک لە ژیانی کەسانی چیرۆکەکە بە شێوەیەکی کورت لە چەند دێڕێکدا یان لە چەند دەربڕینێکی کەمدا))(سابیر، ٢٠٠١، ٣٠٢). لەم پێناسەیەدا ئەوە دەردەکەوێت، کەوا هەقایەتخوان ماوەیەکی درێژ لە ژیانی ئەو کەسانە بە چەند دێڕێکی کورت دەردەبڕێت و لە ئەنجامدا کاتی چیرۆکەکە ماوەیەکی درێژ دەگرێتەوە لە کاتێکدا تێکستەکە چەند دەربڕینێک یان چەند دێڕێک و جاری وا هەیە چەند وشەیەک دەگرێتەوە، بۆیە دەبینین کاتی چیرۆکەکە خێرا دەبێت، هەروەک لە هەقایەتی (جەژنی شەڕە ئاو) دا، باس لەم جۆرە تەکنیکە دەکات و دەڵێت: *((پاشا ژنێکی زۆر جوانی هەبوو. خەڵکەکە هەموو خۆشیان دەویست. پاشا منداڵی نەبوو. ساڵێک لە ساڵان بەهار تەواوبوو. هاوینێکی گەرم هات. خەڵکەکە هەمووی چاوەڕوانی دوورینەوەی گەنم و جۆیان دەکرد کە لە شارەکەیان بەرهەمی سەرەکی بوو...))*((علی، ٢٠١٠، ٣٧)). لەم کورتکردنەوەیەدا بەسەر ساڵێک لە ساڵان کاتێک بەهار تەواو دەبێت، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە وردو درشتی ئەو ساڵە بکات کە کام ساڵە بووە، کە بەهاری لێ تەواوبووە، گێڕەرەوە بەهۆی تەکنیکی کورتکردنەوە بەسەر ڕووداوەکاندا ڕەتدەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی خێرایی گێڕانەوە.

لە هەقایەتی (بازشکێن)دا هاتووە و دەڵێت: *((ئەفراسیاو لیبدا و ڕۆیی.. ئەوجا چەندی پێچوو یان پێنەچوو گەیشتە ئەو شارەی دۆستەکەی لێبوو، وەڵڵا بە پرسیاران ماری کابرای دیتەوە...))*(مەخموری، ٢٠١١، ١٤٢). لەم نموونەیەدا گێڕەرەوە بەشێوەیەک ڕووداوەکانی کورت کردۆتەوە، ئەویش بە دەستەواژەی (چەندی پێچوو یان پێنەچوو)، واتە باسی کاتی دووری نێوان ئەو شوێنەی لێیەوە ڕۆیشتووە لەگەڵ ئەو شارەی بۆی دەچێت ناکات، کە بە چەند کاتژمێر و شەو و ڕۆژ یان مانگ پێی گەشتووە و لەو ڕێگایەدا چ ئێش و ئازارێکی بینیوە هەروەها کە دەشگاتە شارەکە باسی گەڕان و سوڕان و شێوازی پرسیارکردنی لە خەڵکی و بە چەند کاتژمێر یان شەو و ڕۆژ ئەو ماڵەی دۆزیوەتەوە ناکات.

لە هەقایەتی (بزنی ئازادکراو)دا هاتووە و دەڵێت: *((... خزمەتکار بە ئومێدی ئازادی، بزنی بۆ دەشتێ برد. چەند ڕۆژەک سەوزە گیای تازەی پێدا. دوای ماوەیەک بزنەکە قەڵەو بوو. خزمەتکار بزنەکەی بۆ ئاغاکەی بردەوەو گوتی: ئاغا، ئەوەش بزنی قەڵەو کە داوات کردبوو! ئاخۆ ئێستا ئازادم*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

*دەکەی؟!))*(علی، ٢٠١٠، ٣٢). گێڕەرەوە لەم نموونەیەدا بە چەند ڕۆژەک ڕووداوەکەی کورتکردۆتەوە، ئەویش بە دەستەواژەی (چەند ڕۆژەک)، کە نازانرێت چەند ڕۆژی پێچووە بۆ قەڵەوکردنی بزنەکە، هاتووە تەکنیکی کورتکردنەوەی بەکارهێناوە.

**٢- لابردن:**

لابردن تەکنیکێکی خێراکردنی کاتە، لە کاتی گێڕانەوەدا واتا فڕێدان و لابردنی کات دەگەیێنێت، کە هەندێکجار کاتە لابراوەکە دیاریدەکرێت و هەندێکجاریش دیاریناکرێت. هەقایەتخوان تەکنیکی لابردن بەکاردەهێنێت بۆ خێراکردنی کاتی گێڕانەوە و بەهۆی ئەم تەکنیکەوە گێڕەرەوە بە شێوەیەکی خێرا بەسەر ڕووداوەکاندا ڕەتدەبێت و ڕووداوەکان دەقرتێنێت و لایان دەدات، بەمەش کەلێنێکی کاتی دروستدەکات و بە هۆی لادانی ئەم کاتەوە گواستنەوە و بازدان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دروستدەبێت، یاخود دەتوانین بڵێین: ((بریتییە لە لابردنی یان قرتاندنی بەشێک لە هەقایەت، واتە بەشێک لە کاتی ڕۆمانەکە. دیارە کاتی گێڕانەوە بەلابردنی بەشێکی هەقایەت لە پلەی سفر نزیکدەبێتەوە، بەڵام هەرگیز ناگاتە بە سفر))(سەعید، ٢٠٠٩، ١١٨). لە نێو هەقایەتی فۆلکلۆردا هەقایەتخوان ئەمجۆرە تەکنیکەی بەکارهێناوە و هەوڵ دەدەین لە جۆرەکانی لابردن نموونەی هەقایەت بهێنینەوە، هەروەک چۆن ڕەخنەگرانیش دوو جۆر لابردن دەستنیشان دەکەن، کە ئەمانەی خوارەوەن.

**أ- لابردنی دیاریکراو:**

((ئەو لابردنەیە کە نووسەر لە دەستەواژەیەکی دیاریکراودا ئاماژەی پێدەکات، وەکو "دوای ساڵێک" یان " شەش مانگ بەسەر کارەساتەکەدا تێپەڕی" ئەم لابردنەش لە ڕۆمانی واقیعیدا زۆر بەکارهاتووە و (فیلْدینگ)یش یەکەم کەسە کە دایهێناوە و دواتر (ستاندال) شوێن پێی ئەوی هەڵگرتووە))(سەعید، ٢٠٠٩، ١١٨-١١٩). نموونەی ئەمجۆرەی لابردنە لە نێو هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا ئامادەیی هەیە و هەقایەتخوان بەکاریهێناوە، لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

لە هەقایەتی (چارەنووس)دا هاتووە و دەڵێت: *((سوڵتان دەڵێ: ها هەیاس چ خەبەرە، بۆ زەردەت دێتێ؟ ئەوجا هەیاس مەسەلەکەی تێدەگەیەنێ و دەڵێ: چارەنووسی ئەو منداڵە و کچەکەت لەیەک*

*نووسراوە. سوڵتان بەو قسەیەی زۆر دەشڵەژێ و دەڵێ: مادام وایە دەچم ئەو منداڵەی دەفەوتێنم. ئەوجا سوڵتان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماڵەی و منداڵەکەیان بە زۆر لێدەستێنێ و دەیهێنێ لەڕێیە لەناو کلۆرەدارێکی فڕێدەدا و بەجێیدێڵێ بۆ ئەوەی بمرێ. دوای ساڵێکی وارێدەکەوێ هەیاس و سوڵتان مەحموود بەو ڕێیەدا دێنەوە و دەبینن منداڵەکە هەروا دێ و دەچێ و گاگۆلکان دەکا لەو بن دارەی بۆ ئەو بن دارەی، لەو دەمەیدا هەیاس زەردەیەکی دێتێ...))*(بەکرەجۆیی، ٢٠٠٨، ١٤٢). لەم گێڕانەوەیەدا لابردنێکی دیاریکراو هەیە، بریتییە لە ماوەی ساڵێک کە گێڕەرەوە ئاماژە بە پێش و پاشی ئەو ماوەیە دەکات، بەڵام باسی ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە ناکات، کە تێیدا چی ڕوویداوە؟ بەڵکو تەنها ئاماژە بە ماوەکەی دەکات. کەواتە ((لابردنی ڕاگەیەندراو ئەو لابردنەیەکە تیایدا هەقایەتخوان مەودای ماوە لابراوەکەمان بۆ دیاری دەکات و لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەو ڕووداوە لەماوەی چەند ڕۆژێک یا چەند مانگێک یا چەند ساڵێک ڕوویانداوە، بەڵام چۆنییەتی ڕوودانی ڕووداوەکانمان پێناڵێت))(حاجی، ٢٠٠٩، ١١٩). بۆیە دەتوانین بڵێین لابردنی دیاریکراو تەنها ماوە لادراوەکە دیاریدەکات، بێئەوەی ئاماژە بە ڕووداوی ئەو ماوە لادراوە بکات.

هەروەها لە هەقایەتی (برایمی مەلا زێندینان) دا هاتووە و باس لەمجۆرەی تەکنیکە کراوە، هەروەک دەڵێت: *((ڕۆژەکی میر نەخۆش دەکەوێت، برایم حەفت سالان میری بۆ چارەسەری لەسەر پشتی کەرێ دەگێرێ))*(عەلی، ٢٠١٣، ٣٢). گێڕەرەوە لەم لادانە دیاریکراوەدا کە ماوەی حەوت ساڵە، باسی هیچ ڕووداوێکی نەکردووە، تەنها ئاماژەی بە کاتە لادراوەکە داوە.

بەهەمان شێوە لە هەقایەتی (یەک گۆزە لیرە) هاتووە و دەڵێت: *((ئەو باوکەی کە ماڵ و سامان و پارەو پوولەکەی خۆی بەسەردا دابەشکردن، ساڵێک و دوو ساڵ تێدەپەڕێت ئەو پارەو پوولەی بۆ خۆی پاشەکەوت کردبوو کورت دەهێنێت و، خۆی لەبەردەم هەڕەشەی برسیەتی و نەبوونیدا دەبینێتەوە...))*(تاڵەبانی، ٢٠٠٧، ١٧٤). گێڕەرەوە لەم لادانە دیاریکراوەدا، کە ماوەکەی دوو ساڵە، باسی ئەوە ناکات، کە چۆن ئەو باوکە ئەو پارەیەی پاشەکەوتی کردبوو کورت دەهێنێت، تەنها ئاماژەی بە کاتە لادراوەکەی کردووە، کە خۆی لەبەردەم هەڕەشەی برسییەتی و نەبوونیدا دەبینێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢- لابردنی دیارینەکراو:**

لابردنی دیارینەکراو، ئەو جۆرە لابردنەیە، کە گێڕەرەوە کاتە لادراوەکە دیاری ناکات و ئاماژەی پێناکات، بۆیە پێویستە خوێنەر بەپێی هەستی خۆی و بەپێی پەیوەندی و بەستنەوەی پێش و پاش، کاتەکە بدۆزێتەوە، کەواتە لابردنی دیارینەکراو ئەو کاتە لادراوەیە، گێڕەرەوە لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکدا دیاری ناکات، بۆ پاڵپشتکردنی ئەو قسەیەی سەرەوەمان ئاماژە بە پێناسەیەک دەکەین کە دەڵێت: ((لابردنی دیارینەکراو، ئەو لابردنەیە کە نووسەر ماوەکەی دیاری ناکات، بەڵکو خوێنەر خۆی لە دەقەکەدا دەریدەهێنێت))(سەعید، ٢٠٠٩، ١١٩). نموونەی ئەمجۆرە لابردنە لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا لە لایەن هەقایەتخوانەوە گرنگی پێدراوە و لەناو هەقایەتەکانیدا بەکاریهێناوە، لە خوارەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین و ڕوونیان دەکەینەوە:

لە هەقایەتی (ئەحمەدی بێغەم)دا باس لەوە کراوە دەڵێت: *((... دیار بوو بابی ئەو قسانەی زۆر پێ خۆش بوو، پشیەکی هاتەوە بەرێ، گۆتی: کورم بە کەیفی خۆت بکەو ئەمەش دوعای خێرتان لۆ دەکەین. پاش چەند ڕۆژەکی خۆیان ئامادەکردو چوونە دیوان و سەرای پاشای...))*(مەولوود، ٢٠١٢، ٧٢). لەم گێڕانەوەیەدا لابردنێکی دیارینەکراو هەیە و بریتییە لەو چەند ڕۆژەی خۆیان ئامادەکردووە و چوونەتە دیوان و سەرای پاشای، گێڕەرەوە ئاماژە بە کاتە لادراوەکە ناکات، بەڵکو ئەو ماوەیە دیارینەکراوە و خوێنەر لە نێوان پاش و پێشی ئەو ماوەیەدا کە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ چوونە دیوان و سەرای پاشادا هەیە، هەست بە کاتێک دەکات، کە لادراوە و ئاماژەی پێنەکراوە، هەروەها لە هەمان کاتیشدا گێڕەرەوە ئاماژە بەو ڕووداوانە ناکات، کە لەم ماوەیەدا ڕوویانداوە.

هەروەها لە هەقایەتی (کوڕەزاکانی مام ڕەسو) دا هاتووە دەڵێت: *((...ساڵ وەسەردا سوڕاوە، مام ڕەسو ئەمجارەیان دیسان دەچێتەوە داخوازی هەمان کیژ بۆ محەمەدی کوڕی، هەرچەند ماڵە بابی بوکە خان پێگری دەکەن، مام ڕەسو دەڵێ: نەخێر ئەم کچە هەردەبێ ببێ بەبوکی من، بە هەرحاڵ ڕازیان دەکات...))*(نانەوا، ٢٠٠٨، ١١٧). لەم گێڕانەوەیەدا دەبینین لابردنێکی دیارینەکراو هەیە و بریتییە لە ماوەی ئەو ساڵەدا مام ڕەسو سەبری گرتووە و ساڵی بەسەردا سوڕاوەتەوە، تاوەکو دوبارە بچێتەوە داخوازی هەمان کیژ بۆ محەمەدی کوری، گێڕەرەوە ئاماژە بە کاتە لادراوەکە ناکات، ئەو ماوەیە دیارینەکراوە و خوێنەرەوە دیاریدەکرێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەندی دووەم: سستکردنی کات:

سستکردنی کات لە گێڕانەوەدا کردارێکە پێچەوانەی خێراکردنی کاتە، چونکە لە سستکردنی کاتدا گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی هەقایەتدا بەشێوەیەکی ورد و دورودرێژ باسی لایەنەکانی ڕووداو دەکات، ئەمەش وا دەکات، کە کاتێکی درێژتر لە گێڕانەوەدا بخایەنێت، کەچی لە خێراکردنی کاتدا گێڕەرەوە بە جۆرێکی کورت و خێرا بەسەر باسکردنی ڕووداوەکاندا بازدەدات و تێیدەپەڕێنێت و کاتێکی کورت لە گێڕانەوەکەدا دەخایەنێت، بۆیە دەبینین لە کرداری سستکردندا کاتی گێڕانەوە و کاتی هەقایەت بەجۆرێک لێکنزیک دەبنەوە خوێنەر وا هەست دەکات یەکسانبن.

سستکردنی کات، کردارێکە، پێچەوانەی خێراکردنی کاتە، حیکایەتخوان بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەباتە بەر ئەم کردارە، بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی نێو هەقایەت بەشێوەیەکی لەسەرخۆ بڕۆن، واتا ئەم سیستەمە بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت، تا گێڕانەوەی هەندێک ڕووداو لە هەقایەتدا بەشێوەیەکی سست و لەسەرخۆ باسبکرێن، کە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە، کاتێکی درێژ لە کاتی گێڕانەوەدا داگیربکەن، بۆیە ڕووداوێکی بچووک لە کاتی گێڕانەوەدا درێژ دەکەنەوە، کە کاتێکی زۆر لە هەقایەت پڕبکاتەوە، ئەم درێژکردنەوەیەش بەشێوەیەکە، کاتی گێڕانەوە و کاتی هەقایەت لێک نزیک دەبنەوە (خۆشناو، ٢٠٢٣، ١٤٧). هەقایەتخوان لە گێڕانەوە و خستنەڕووی ڕووداوەکانی نێو هەقایەتدا سستکردنی کات بەکاردەهێنێت، ئەمەش بەو مەبەستەی، کە هەموو لایەنەکانی ڕووداوەکە بە درێژی و بە تەواوی باس بکات، بۆ ئەوەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی یاخود بیستنی هەقایەتەکە شتەکانی لا ڕوونبێت و بە ئاسانی لە مەبەستی هەقایەتەکە بگات، یەکێک لەو تەکنیکانەی کە هەقایەتخوان بۆ ستکردنەوەی کات بەکاریهێناوە، بریتییە لە:

### أ- دیمەن:

یەکێکە لەو تەکنیکانەی، کە گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی هەقایەتدا بەکاریدەهێنێت، بەجۆرێک دروستدەبێت، کە کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە یەکسانبن، کەواتە دیمەن ((بە پێچەوانەی کورتکردنەوە، دیمەن زۆر بە وردی و دوورودرێژی باس لە ڕووداوەکان دەکات))(سەعید، ٢٢٠٩، ١٢٣). واتە ئەو بابەتەی بە تەکنیکی دیمەن باسدەکرێن و دەگێڕدرێنەوە، گێڕانەوەی ڕووداوەکەی درێژتر

دەبێتەوە، ئەم درێژکردنەوەیەش بەو مەبەستەیە بۆ ئەوەی هەڵوێست و لایەنە گرنگەکانی بابەتەکە دەربخات و خوێنەر نەخاتە گومانەوە، لە هەمان کاتیشدا پشوویەک بە خوێنەر دەبەخشێت لە بەدواداچوونی ڕێڕەوی گێڕانەوەکەدا، چونکە ((ڕۆڵی خوێنەر لێرەدا تەنها خوێندنەوە یا بیستنی چیرۆکەکە نابێت، بەڵکو خوێنەر وەک بینەری لێ دێت و شتەکان لە حاڵەتی جووڵانەوە و کەسەکان بە زیندووی لەبەرچاویدا هاتوچۆ دەکەن و پێدەکەنن و دەگریێن و خەون دەبینن، ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی ئەوەی وێنەیەکی زیندوویی بینراو لای خوێنەر دروست ببێت))(سابیر، ٢٠٠١، ٣١٧). کەواتە دیمەن بەشێوەیەکە، هەستی بەشداریکردن بە خوێنەر دەبەخشێت و ئاوێزانی ئەو دیمەنانە دەبنە هۆی ئەوەی سروشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان بخاتەڕوو.

دیمەنیش دوو جۆری هەیە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

**١- دیمەنی وێنەیی:**

دیمەنی وێنەیی، یەکێکە لەو تەکنیکانەی، کە هەقایەتخوان لە نێو دەقەکانیدا بەکاریهێناوە و سوودی لەو ڕووداوانە وەرگرتووە کە لە کاتی پێشکەشکردنیان بەکاریانهێناوە، بەجۆرێک کە درێژدادڕی دەکات بەجۆرێک کەوا ((دیمەنی وێنەیی یەکێکە لە جۆرەکانی تەکنیکی دیمەن و چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانیدا ئەو جۆرە دیمەنە بۆ وێنەگرتنی ساتێکی کورتی ڕووداوەکان بەکاردەهێنێت، کە تیایدا گۆشەنیگای گێڕەرەوە لە گێڕانەوە ڕووداوەکاندا ڕەنگدەداتەوە و بەشێوەیەکی وێنەیی ڕووداوەکان پێشکەش دەکات و لە کاتی گێڕانەوەکەدا درێژدادڕی دەکرێت))(خۆشناو، ٢٠٢٣، ١٧٤).

هەروەک لە هەقایەتی (شەڕە ئاو)دا باس لە بوونی پاشایەک دەکات، کە کارەکتەری سەرەکییە و زۆر دادپەروەر دەبێت و خەڵکەکە زۆریان خۆشدەوێت، ڕۆژێک پاشایەک بیر دەکاتەوە لەوەی وا فێری خەڵکەکە بکات، پشت بە خۆیان ببەستن، بۆ هاتنە هەر پێشهاتێکی نەخوازراو خۆیان خەمی خۆیان بخۆن، بۆیە پاشا ماوەیەک خۆی نەخۆش دەخات و لە کۆشکی پاشایەتی دەکەوێت و ناتوانێت کێشەو گرفتی خەڵکی چارەسەر بکات، لە بەرامبەر ئەمە خەڵکەکە دەیانگوت: *((خوا دەکا پاشامان چاکببێتەوە و وەکو جاران بگەڕێتەوە ناومان و ئاگای لێمان بێت، بەتەمای خوای، بەرهەمی ساڵێکی دیکەمان باشتر دەبێت. ئەو ساڵەیان، ساڵێکی گرانی بوو. ساڵێکی بێ بەرهەم بوو. خەڵکەکە*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

*زۆر ماندوو بوون. ساڵێکی وشک بوو. پارە نەبوو. کاتی چاندن هات، جوتیارەکان زۆر بەکەیفەوە گەنم و جۆیان دەچاند. ئەم ساڵە لەترسی ساڵی پێشوو ڕووبەرێکی زۆریان چاند. ئەوەشیان گوت: - ئەگەر سووتاش، ڕووبەرەکەی زۆرە، نیوەمان بۆ دەمێنێ! خەڵکەکە وایان لێهات بیر بکەنەوە و پشت بە خۆیان ببەستن...))* (علی، ٢٠١٠، ٣٧). بۆیە دەبینین گێڕەرەوە لە باسکردنی ئەو کێشانەی کە ئەو ساڵ تووشی خەڵکەکە هاتووە و لە نەبوونی باران و گرانی و ئەو دەردەسەرییەی کە خەڵکەکە تووسی هاتووە، دیمەنێکی وێنەیی دروستکردووە، کە کاتی هەقایەت و کاتی گێڕانەوە لێکنزیک بوونەتەوە و هەروەها خوێنەر وا هەست دەکات، ڕووداوەکان لە پێش چاوی ڕوودەدەن، بە بینینی ئەو کارانەی کە خەڵکەکە لەو ساڵە کردوویانە، دیمەنێکی وێنەیی جوانی لەبەرچاوی پاشای وڵات دروستکردووە و دڵی خۆشە، چونکە لە دڵی خۆیدا هەستی بەوە کردبوو، کە لە نەبوونی پاشا خەڵکەکە دەتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت.

لە نموونەیەکی دیکە و لە هەقایەتی (سوڵتان مەحمود و ژنەکانی)دا هاتووە، دەڵێت: ڕۆژەک سوڵتان و هەیاس بە یەکەوە دەچنە دەرەوە و پیاسەیەک دەکەن، لە ڕێگا کابرایەک دەبینن خەریکی کاری جووتکردن دەبێت، لەگەڵ هەر سەرە خیتێک خۆی هەڵدەدا، سوڵتانیش ئەم کارەی کابرای پێ سەیر دەبێت و لە هەیاس دەپرسێت ئەم کابرایە بۆچی وا دەکات؟ هەیاسیش پرسیار لە کابرای دەکات، ئەویش پێی دەڵێت دڵم خۆشە لەبەر ئەوەی ژنەکەم جوانە و خۆشمەدوێت، بۆیە ئەو کارە دەکەم، سوڵتانیش دوو ژنی دەبێت، بەڵام دڵی خۆش نییە و تەماعی لە ژنی کابرا دەکات، کابراش لە ترسان ناوێرێت قسەی سوڵتان بشکێنێت، ژنەکەی دەبات و دوو ژنەکەی خۆی بۆ کابرا دەباتن، دوای ماوەیەک دووبارە سوڵتان و هەیاس دووبارە دەچنەوە لای کابرا، بەڵام ئەمجارە دەبینن، کە لەگەڵ هەموو سەرە خەتەکاندا دووجار خۆی هەڵدەدات، هەیاسیش دەڵێت: *((تەماشای ئەو کابرایەی کە ژنەکەت لێستاند، جاران لە هەموو سەرەخەتان جارێک خۆی هەڵدەدا، کەچی ئێستا دووجار خۆی هەڵدەدا. سوڵتانیش تووڕەدەبێ و لە کابرای جووتیار نزیک دەبێتەوە و لێی دەپرسێ بۆچی لە هەموو سەرەخەتان دووجار خۆت هەڵدەدەی؟ کابراش دەڵێ: قوربان جاران کە ژنێکی چاکم هەبوو، جارێک خۆم هەڵدەدا، بەڵام ئێستا دوو ژنی چاکم هەیە، بۆیە دووجار خۆم هەڵدەدەم. سوڵتان دەڵێ: ژنەکانی من دەڵێی؟ کابرا دەڵێ: بەڵێ قوربان. سوڵتان دەڵێ: چۆن چاکبوون؟ کابرا دەڵێ: ئاخر قوربان من بە*

*شێوازی خۆم پەروەردەم کردوون و سەربەستی تەواوم دانێ لە ئیشەکەیان، بۆیە چاکبوون. سوڵتانیش دەڵێ: دەوەڵڵا ئەو ژنەی کە لە تۆم ستاند، ئێستا دزیشە و (ح .. ز)یشە و زمانداریشە))* (بەکرەجۆیی، ٢٠٠٨، ١٤١). لێرەدا دەبینین ئەو ڕووداوانەی لەم دیمەنە وێنەیەدا باسکراوە، کاتی ڕوودانەکی کاتێکی کورت دەخایێنێت، بەڵام لە گێڕانەوەیەکی درێژدا گێڕدراوەتەوە و کاتی گێڕانەوەکەی لە کاتی ڕوودانەکەی نزیکبۆتەوە و بەشێوەیەکی درێژدادڕ و بە ورد و درشتی جووڵانەوەی شتەکان لە دیمەنە وێنەیەکدا پێشکەشکراوە، بە جۆرێک کابرای جووتیار توانیویەتی بە جوانترین شێواز مامەڵە لەگەڵ دوو ژنەکەدا بکات و سەربەستی تەواوی بە هەردوو ژنەکە داوە و ئەمەش هۆکار بووە بەوەی هەڵسوکەوتی دوو ژنەکە هەروەک چۆن سوڵتان باسیدەکردن، کە چۆن بوین لە لایی و لای کابراش چۆن بوین، ئەمەش وێنەیەکی پەروەردەیی تەندروستمان بۆ وێنە دەکێشێت و وا دەکات کاریگەریی لەسەر خوێنەر و گوێگردا دروستبکات.

### ٢- دیمەنی پانۆڕامی (درامی):

هەقایەتخوان لە نێو ڕووداوەکاندا بەجۆرێک ئەو دیمەنە درامییەی بەکارهێناوە، کە کارەکتەرەکان لە ڕێگەی وتە و گفتوگۆ و کردارەکانی خۆیانەوە دەیانخاتەڕوو، بێ ئەوەی گێڕەرەوە بەشداربێت و هیچ شتێک لە بارەیانەوە بڵێت واتە:((پاڵەوان لە ڕێگەی وتە و کردارەکانی خۆیانەوە دەخرێنەڕوو و بێئەوەی گێڕەرەوە هیچ قسەیەکیان لەسەر بکات))(سەعید، ٢٠٠٩، ١٢٤). لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین، دیمەن تەکنیکێکە گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی هەقایەتدا بەکاریدەهێنێت و بەجۆرێک ڕووداوێکی بچووک بەجۆرێک دەگێڕێتەوە درێژی دەکاتەوە، ئەم درێژکردنەوەیە بەو مەبەستەیە تاوەکو هەڵوێست و لایەنە گرنگەکانی بابەتەکە بخاتەڕوو.

لە هەقایەتی (گرەوی فەقێ و شازادە)دا، باسی کارەکتەرێک دەکات، کە (فەقێ)یە، لە لای مەلایەک دەیخوێند، بۆ ئەوەی ببێت بە مەلا، دایک و باوکی ئەو فەقێیە هەرچی ماڵ و سەروەتێکی هەیانبوو بۆ کوڕەکەیان فرۆشت، بۆ ئەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات، هەر جارێکیش فەقێ دەهاتەوە بۆ ماڵێ، هەستیدەکرد ماڵەکەیان کەمیکردووە، لە ناخیدا هەستی بە ئازار و شەرمەزاری دەکرد لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی، کە دایک و باوکەکە لە بەرامبەریدا دەیانکرد، هەتا دواجار لە دایک و بابی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسی: ئەو ماڵە بۆ واکەمی کردووە؟! باوکەکەش لە وەڵامدا گوتی: *((کورم هەرچی هەمانبوو نەمانبوو، بۆ تۆمان فرۆشت، بۆ ئەوەی خوێندنەکەتی پێ تەواوکەی. ئەوجا فەقێ گوتی: مادام وایە، دەبێ لێرە برۆین. بابی گوتی: بۆ کوێ؟ فەقێ گوتی: خویندنەکەم تەواوکردووە و ناتوانم لێرە هیچ ئیشێک بکەم، بەڵام لە شوێنێکی کە دەتوانم سواڵیشتان بۆ بکەم. باب و داکی فەقێ چونکە زۆر پیر و پەککەوتە بوون، هیچ دەسەڵات و توانایەکیان نەبوو بەرهەڵستی لە قسەی کوڕەکەیان بکەن، بۆیە بە ناچاری سەری ڕەزامەندیان بۆ ڕاوەشاند و گوتیان: ڕۆڵە چۆن بەباشی دەزانی وابکە.))* (بەکرەجۆیی، ٢٠٠٨، ٦٧). دەبینین ئەم ڕووداوە بە تەکنیکی درامی دەرخراوە، هەستی بەشداریکردن لای خوێنەر دروستدەکات و وا لە خوێنەر دەکات هەست بەوە بکات، ڕووداوەکان لە پێش چاوی ڕوودەدەن، چونکە دیمەنەکە کاریگەری لە ناخی دەروونی خوێنەر یان گوێگردا دروستدەکات.

**ب- دووبارەبوونەوە:**

ئەمەشیان تەکنیکێکە لەو تەکنیکانەی، کەوا حیکاتخوان لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا چەند ڕووداوێک لە نێو تێکستەکەدا دووبارە دەکاتەوە، بەڵام لە دووبارەبوونەوەکەدا دەقاودەق و وەکو خۆی دووبارە نابێتەوە، بەڵکو هەندێکجار، هەندێک گۆڕانکاریی کەم لە تێکستەکە دەکرێت، کە ئەمەش هۆکارێکە دەبێتە هۆی سستبوونی کاتەکە، بۆیە دەتوانین بڵێین: دووبارەبوونەوە ((بریتییە لە دووبارەبوونەوەی ڕووداو لە چیرۆکەکاندا و دووبارەبوونەوەی ئەو دەربڕینەوەی ڕووداوەکە دەردەبڕێت لە گێڕانەوەکاندا، چونکە ڕووداوێک لە جارێک زیاتر دووبارە دەبێتەوە و ئەو دەربڕینە لە پێشی هەڵدەستێت لەوانەیە دووبارە ببێتەوە))(سابیر، ٢٠٠١، ٣١٤). مەبەستمان لە دووبارەبوونەوە ((دووبارەبوونەوەی ڕووداو و لە هەمان کاتیشدا دووبارە گێڕانەوەیەتی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا))(سەعید، ٢٠٠٩، ١٦٢). ئەم دووبارەبوونەوەی کە ڕوودەدات، دەکەوێتە سەر مەبەستی گێڕەرەوەی هەقایەت یاخود هەقایەتخوانەوە، کە بە چ نیاز و مەبەستێک ئەو ڕووداوانە دووبارە دەکاتەوە و تا چەند لە خزمەتی بنیاتی گێڕانەوەکەدا دەبێت.

هەروەها ئەو ڕووداو و دەربڕینانەی لە تێکستێکدا بە چەند شێوەیەک لە لایەن هەقایەتخوان دووبارە دەبنەوە، یاخود هەقایەتخوانەوە پێشکەشدەکرێن، چەند شێوەیەکی هەیە، کە گرنگترینیان

((یەکجار گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی جارێک ڕوودەدات. گێڕانەوەی چەند جارێکی ئەو ڕووداوەی چەند جارێک ڕووی داوە. گێڕانەوەی چەند جارێکی ئەو ڕووداوەی جارێک ڕووەدات. یەکجار گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی چەند جارێک ڕووی داوە))(سابیر، ٢٠٠١، ٣١٥). ئەم دووبارەبوونەوەیە لە نێو هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا ئەو شێوە ئاڵۆزە وەرناگرێت، کە لە پێناسەکەی سەرەوە خستمانەڕوو، بەڵکو بەشێوەیەکی سادە ئەم تەکنیکە ڕوودەدات، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دووبارەبوونەوە لە هەقایەتەکاندا دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو دووبارەبوونەوەی چەند پارچە تێکستێکی کورتە یان درێژە، کە لە لایەن گێڕەرەوە خراوەتەڕوو، ئەم تەکنیکە لە نێو هەقایەتی فۆلکلۆری بە ناوی (ئاوفرۆش)دا، دەبینرێت، باس لە کابرایەک دەکات، کە کارەکتەری سەرەکی نێو هەقایەتەکەیە هەموو ڕۆژێک دەچێت بۆ ئیش و دوای پەیداکردنی لیرەیەکی ڕۆژانە دەگەڕێتەوە ماڵەوە و نیوەی بۆ ژن و منداڵەکانی خەرجدەکات و نیوەکەی تر شەوانە دانیشتنێک لەگەڵ هاوڕێکانی ئامادەدەکات و تاکو نیوەی شەو ئەم دانیشتنە بەردەوام دەبێت، سوڵتان مەحمودیش دوای گەڕانی شەوانە بە نێو گەڕەکەکانی شاردا ڕووناکاییەکە دەبینێت و لە دڵی خۆیدا دەڵێت شار بەو کاتە درەنگە خەڵکی هەمووی نووستوونە، کەچی ئێرە ڕووناکە، خۆی دەکات بە شوێنەکەدا و لە کوچێک دادەنیشێت، وەکو دەروێشێک خۆی نیشاندەدات، دوای تەوابوونی دانیشتنەکە کابرا پێی دەڵێت: کات درەنگە و تۆش بڕۆرەوە ماڵی خۆت، ئەویش پێی دەڵێت: هیچ شوێنێکم نییە تێیدا بمێنمەوە، ئەمشەو لێرە دەبم، کابراش پێی دەڵێت باشە، دەبێت بەیانی پێش ڕۆژهەڵاتن ئێرە بەجێبهێڵیت، چونکە من بەیانی زوو دەچمە سەر ئیش، ئەویش پرسیار لەوە دەکات، کە چۆن ئەو پارەیە پەیدای دەکات و شەوانە لەگەڵ هاوڕێکانی خەرجدەکات، دوای پرسیارکردنێکی زۆر لەلایەن دەروێشەوە، پێی دەڵێت ئەگەر سبەی سوڵتان ئاوفرۆشی لە شاردا قەدەغەکرد چی دەکەی؟، ئەویش پێی دەڵێت: خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە، بۆیە دەبینین ئەو ڕووداوە و ئەو تێکستە لە نێو هەقایەتەکە چەند جارێک دووبارەدەبێتەوە، لە جاری یەکەم دەڵێت: *((... دەروێش زۆر پاڕاوە و گوتی حەزدەکەم بزانم. کابرای خاوەن ماڵ گوتی: گوێ بگرە، دەروێش، ئەمن هەموو ڕۆژێ ئاوفرۆشی دەکەم و لەو کارەش زیاتر هیچی دیکە شک نابەم، ڕۆژانە لیرەیەک پەیدا دەکەم و ئەو لیرەیەش بۆ برادەران خەرج دەکەم و هەموو شەوێک ئەوە حاڵمە. دەروێش گوتی: ئەگەر سوڵتان*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

*مەحموود ئەمر بکات و بڵێ نابی کەس ئاوفرۆشی بکات، ئەتو چ دەکەی و چۆن برادەرەکانت داوەت دەکەی و پارە لە کوێ پەیدا دەکەی کابرا گوتی: دەروێش خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە، بنوو نەوەک سبحەینێ زوو برۆی رێگات دووربی))*(مەخموری، ٢٠١١، ١٣٤). ئەم ڕووداوە زیاتر لە جارێک دووبارەدەبێتەوە، ئەوەی گۆڕانکاریی کەم لە تێکستەکە ڕوودەدات، تەنها ئیشی ڕۆژانەی کابرایە، ئەو کاتەی سوڵتان مەحموود بڕیاردەدات فلانە ئیش بۆ ماوەی هەفتەیەک قەدەغە بکات، ئەویش تەنها بۆ مەبەستی ئەوەیە بزانێت ئەم کابرایە بە چ جۆرە ڕێگایەک ئەم لیرەیە پەیدادەکات و شەوانە هەمان دانیشتن لەگەڵ هاوڕێکانی دووبارە دەکاتەوە، دوای جارڕدانی لەلایەن سوڵتانەوە هەواڵ دەگاتە کابراو زۆری پێناخۆش دەبێت، بۆیە بڕیاردەدات بەدوای کارێکی دیکەدا بگەڕێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆژانەی خۆی پەیدابکات، بۆیە بڕیاردەدات حەماڵی بکات، قسەی دەروێشی بەبیر دێتەوە دەست دەکات بە حەمباڵی و کۆڵ هەڵگری تاکو ئێوارە ئیشی کرد و لیرەیەکی پەیدا کرد و بەرەو ماڵ گەڕایەوە، ژن و منداڵەکانی هاتە پێشەوە و ماندوبوونیان لێکرد و گوتی ئەمڕۆش لیرەیەکمان پەیداکرد، نەمگوت خودا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە، ئەوانیش زۆر دڵخۆشبوون، دوای دابەشکردنی لیرەکە، هەندێک بۆ منداڵەکانی و هەندێکیشی بۆ دانیشتنی شەوانی خۆیی و دووبارەکردنەوەی هەمان دانیشتن، لە جاری دووەم دەروێش دیسان پرسی: *((ئەگەر سوڵتان بەیانی ئەمری کرد نابێ کەس حەمباڵی بکات، ئەوجارە چی دەکەی، چۆن لیرەیەک پەیدا دەکەی. ساحێب ماڵ گوتی: شەوی دیکە گوتم خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە، ئەوشۆش دیسان دەڵێم، خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە، ئەتۆ ماندووی بنوو بەڵکە بەیانی زوو دەچییە سەر ئیشی خۆت، دەروێش نووست هەتا سبیانی، چۆوە سەر تەختی))*(ئاوفرۆش، ١٣٥). دەبینین بۆ بەیانی سوڵتان جارڕ دەدات بۆ ماوەی هەفتەیەک کەس نابێت حەمباڵی بکات، هەواڵ بە هەموو شاری بڵاودەبێتەوە و دەگات بە کابرا، ئەویش زۆر خەفەت دەخوات و بڕیاردەدات بەدوای کارێکی دیکەدا بگەڕێت و بژێوی منداڵ و دانیشنی شەوانەی خۆی پەیدابکات، بۆیە بڕیاردەدات بەدوای ئیشێکی دیکەدا بگەڕێت، کابرا جلی ئاوفرۆشی و حەمباڵی فڕێداو جلی جوان و پۆشتەیی لەبەرکرد و هاتە سەری کۆڵانێ، بە غەمبارییەوە ڕاوەستا، سەیری کرد دوو لادێی شەڕیانە، چووە ناوبژیان و خۆی کردە دارۆغەو پێی گوتن، ئەگەر شەڕی بکەن دەتانبەمە لای سوڵتانی، ئەوان ترسان گوتیان ئەگەر نەمانبەیە لای سوڵتانی

یەک و لیرەت دەدەینێ، کابرا بە دوو لیران ڕازی بوو، لیرەکانی وەرگرت و گەڕایەوە ماڵەوە، لیرەکی دایە ژن و منداڵەکانی لیرەکەی دیکەی هەموو کردە خەرجی زیافەت و ئاهەنگی شەوانە، لە هەموو شەوان خۆشتر، چووە ژووری و دانیشت و سەیری بەزم و هەرای کرد، دەروێش گوتی: کابرا دەبینم ئەمشەو ئاهەنگتان لە دوو ڕۆژەکەی پێشتر گەرمتر و خۆشتر بوو، ئەوشۆ ئەو پارەیەت چۆن پەیدا کرد، دەروێش گوتی ئەگەر سبیانی سوڵتان ئەمری کرد گوتی کابرا دەبی بێیە ماڵی من ببیە پاسەوانی من و شیرێکی گەورەی لە قەدت بەست، ئەوکات چی دەکەی و چۆن پارە پەیدا دەکەی، هەتا ئێوارێ نەیهێشت کاربکەی، کابراش گوتی: *((دەروێش بنوو بێ خەم و خەیاڵ، خودا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە. سوڵتان ئەوی شەوێ نووست، سبیانی زوو لە خەو هەستاو گەڕایەوە ماڵی خۆی نە چۆوە سەر تەختی..))* (ئاوفرۆش، ١٣٦). دەبینین گێڕەرەوە چەندین جار ئەم ڕووداوە دووبارە دەکاتەوە و ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە، هەر جارەی بۆ مەبەستێکی بەکاریهێناوە، کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕووداوە، زیرەک و لێهاتووە توانیویەتی لەبەرامبەر هەموو ئەو ڕێگرییانەی کە سوڵتان دەیگرتەبەر لەبەرامبەر کابرا، بەڵام ئەو توانی ڕۆژانەی خۆی پەیدابکات و دانیشتنی شەوانەی خۆی بکاتن، تا دواجار سوڵتان مەحموود خۆی بۆ کابرا ئاشکرا دەکات و خەڵاتی دەکات، دواتر دەیکات بە قاوەچی خۆی.

**ت- وەسف**

وەسف وەک تەکنیکی تایبەت بە سستیی گێڕانەوە، لەم تەکنیکەدا دەبینین بەجۆرێک کاتی وەسفی ئەو شتانەی، کە لە نێو دەقەکەدا بوونیان دەبێت، جا کەسێتی سەرەکی بێت یاخود لاوەکی، لە وێنەی پاشا، وەزیر، کوڕە پاشا، کچی پاشا، ژنی سەر بە هەوێ، پیرەژن، یاخود وەسفی شوێن بێت، هەموو ئەمانە لە نێو دەقەکاندا هەر یەکەو بەجۆرێک لە لایەن هەقایەتخوانەوە بە جۆرێک وەسفکراوە و باسی لێوەکراوە، بۆیە دەبینین لە کرداری وەسفدا زۆرجار گێڕانەوە بەرەو سستبوون دەچێت و دەگاتە ئاستی وەستان، پێیدەوترێت وەستانی وەسفی، بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین: ((وەسف بریتییە لە خستنەڕوو و پێشکەشکردنی شت و بوونەوەر و ڕووداوەکان، لە شوێن و زەمینەی بوونیان و لە دەرەوەی زەمەن و ئەرکی زەمەنیان، لە وەستان و لە جیاتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


بەردەوامبوونیان))(سەعید، ٢٠٠٩، ١٣٠). کەواتە وەسف وەکو تەکنیکێک، دەتوانین بڵێین لە هیچ هەقایەتێکی فۆلکلۆری کوردیدا نییە بەرچاو نەکەوێت، بەڵام ئەوەی هەیە وەسفەکە بەپێی کەسایەتی و پێگەی ئەو شوێن و زەمینەی بەکارهاتووە لەناو دەقەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە کارەکتەری خراپ بەجۆرێکە، لە کارەکتەری پیرەژن کاتێ ڕۆڵی خراپ دەبینێت بەجۆرێک وەسف دەکرێت، کە لەگەڵ پێگەی خۆی بگونجێت، بۆیە دەبینین لە نێو هەقایەتی فۆلکلۆریدا زۆر ئەم وەسفانە بەرچاو دەکەون، بۆیە لەو کاتەدا ((وەسف بووە بە پێوەرێک بۆ دیاریکردنی ناخ و درکپێکردن و جیهانبینی کەسێتییەکان، چ لە لایەنی زانیارییەکان و چ لە لایەنی ئایدۆلۆژییان))(محفوظ، ٢٠٠٩، ١٣). لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کەوا لە پەیوەندی نێوان وەسف و گێڕانەوەدا، گرنگی وەسف لە نێو هەقایەتدا دەردەخات و هەموو کارێکی گێڕانەوە وێنەگرتنی جووڵە و ڕووداوە، ئەم وێنەگرتنەش بە وردی لە گێڕانەوەدا دەردەکەوێت.

لەگەڵ ئەوەشدا وەسف پێگە و گرنگی خۆی لە دامەزراندنی زمان و دەوڵەمەندکردنیدا دەبینێ، بە جۆرێک، کە زۆرجار بۆ ناساندنی کەسێک یان شوێنێک یان شتێک هەقایەتخوان ناچاری ئەوە دەبێت، کە چەندەها وشە بەکاربهێنێ، کە زۆرجار واتای فەرهەنگی تێدەپەڕێنن و واتای مەجازی جۆراوجۆر لە نێو دەقدا بەرهەمدێنن، بەمشێوەیە وەسف ئەرکە هونەرییەکەی خۆی لە نێو دەقدا بەرجەستە دەکات و شوێنی خۆی لە تەواوکردنی بنیاتی هونەری دەقی هەقایەتدا دەچەسپێنێت.

## ئەرکەکانی وەسف

زۆربەی ڕەخنەگران دوو ئەرک بۆ وەسف دەستنیشاندەکەن، ئەوانیش ئەرکی جوانکاریی و ئەرکی واتایی)یە، لە خوارەوە ئاماژە بە هەردوو جۆرەکە دەکەین:

((١- ئەرکی جوانکاری: ئەم ئەرکە زیاتر ئەرکێکی جوانکارییە، بۆ پێدانی ئیستاتیکایەکی جوانتر بۆ وشەو ڕستەکان و ئەرکی وێنەگرتنی ڕوخساری کەسێتییەکان و شوێن و شتومەکەکان))(ئیبراهیم، ٢٠٠٨، ٨٦). ئەمجۆرە ئەرکەش لە نێو هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا بەکارهاتووە و هەقایەتخوان توانیویەتی سوود لەم ئەرکە ببینێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

((٢- ئەرکی واتایی: زیاتر بایەخ بە ڕەهەندە دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەر دەدات))(سەعید، ٢٠٠٩، ١٣٢). لەم ئەرکەدا زیاتر بایەخ بە لایەنی ناوەوەی کارەکتەر دەکات بەجۆرێک، کە مەبەست و ئامانجی ئەم ئەرکەی وەسف واتادانان و شیکردنەوەیە بەو باکگراوندە دەروونی و کۆمەڵایەتییەی کارەکتەر، کە لە کردار و ڕەفتارەکانیدا ڕەنگدەداتەوە.

لە نێو هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا باس لە هەندێک جۆری وەسف دەکەین و بە نموونە دەیاخەینەڕوو، شیکاریی و ڕاڤەیان بۆ دەکەین:

**١- وەسفی کەسێتی یاخود پاڵەوان**

هەروەک کاتێک باسی وەسفی کەسێتی یاخود پاڵەوان دەکەین، واتا پیشاندانی ئەو بارودۆخەی، کە تیایدا دەژی، جا لە هەر هەقایەتێکدا بێت، گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە، چونکە خوێنەر یاخود گوێگر ئەگەر کەسێتییەک بە جوانی و بە باشی نەناسێت و لێیتێنەگات، ناتوانێت لە بەرچاوی خۆی وێنایبکات و بەرجەستەی بکات، واتە خوێنەر یاخود گوێگر هەر دەم ئەوەی دەوێت، وێنەیەک بۆ کەسێتی نێو هەقایەتەکە دروستبکات و کاروکردەوەکانی ببینێت، حیکایەتخوان لەبەر شێوازی جۆری گێڕانەوەکەی لە هەقایەتدا کە ((گێڕانەوەیەکە لە پلەی یەکەم دا بایەخ بە ڕووداو دەدات هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە سەرنجی خوێنەر و گوێگر ڕابکێشێت... بە وردیش وەسفی کارەکتەر- پاڵەوان ناکات))(محەمەد، ١٩٩٧، ٢)، واتە لەبەرئەوەی ڕووداو بەر لە وەسفکردنە لەلای هەقایەتخوانی هەقایەت، بۆیە دەبینین وەسفی پاڵەوان لە ڕووی جەستەییەوە بەشێوەیەکی ورد ناکات و زانیاری ڕاستەوخۆ لە بارەی قەد و باڵا و ڕەنگ و ڕووی پاڵەوان ناداتە دەستەوە، هەروەها زیاتر هەوڵدەدات پاڵەوانی سەرەکی هەقایەت لەڕێی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان و ململانێ و هەڵوێستەکاندا پیشانبدات و زیاتر لە ڕووی کەسایەتی و سیفەت و ڕەوشتی بەرزەوە پێمان بناسێنی، هەر لەبەر ئەمەشە وەسفی پاڵەوان بەشێوەیەکی گشتی دەکات و ((بەزۆری لە دەرەوەڕا وەسفیان دەکات... واتە لەوانەیە بزانین پاڵەوانی حیکایەت کەڵەگەتە یان قوتەبنەیە، قەڵەوە یان لەڕو لاوازە، بەهێزە یان بێ هێزە لەلایەنی جەستەییەوە))(جەوهەر، ٢٠٠٦، ١٣). لەمەوە ئەوە بەدەردەکەوێ کە ئەوەی پاڵەوانی زیاتر پێ وەسف دەکرێ سیفەتە گشتییەکانیەتی نەک

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەسفێکی وردی لەش و لار و دەم و چاو و یەکە بە یەکەی ئەندامەکانی جەستەی، هەر لەبەر زۆر بایەخدانی هەقایەتخوانیش بە سیفەتی گشتی مرۆڤەکان لەبری وەسفی جەستەیی، دەبینین پێوەری بەراوردی و زیادەڕۆیی لە وەسفەکان زۆر بەکاردێنێ.

لە نێو هەقایەتی فۆلکلۆریدا چەندین جۆری وەسف هەیە، جا لە ڕووی جەستەیی بێت، یاخود شکل و شێوە و کورتەیەک لە ژیانی کەسێتییەکە بێت، یاخود، کوڕی پاشا بێت، یاخود پیرەژن بێت، کە زۆرجار ڕۆڵی خراپە دەبینێت، و هەندێک جاریش ڕۆڵی چاکە، کە یارمەتی پاڵەوانی نێو هەقایەتی دەدات بگات بەو کچە جوانەی کە کوڕی پاشا خۆشی دەوێت، لە ڕێگەی ئەوەوە کارەکەی ئەنجام دەدات، یاخود کوڕی هەژاربێت، هەموو ئەمانەش دەوەستێتە سەر زیرەکی و لێهاتوویی هەقایەتخوانەوە، تا چەند توانیویەتی سەرکەوتووبێت لەم ئەرکە.

لە وەسفی کچێکدا و لە هەقایەتی(تەماع)دا، باس لە بوونی بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەند دەکات، لە دارەتی دنیایێ یەک تاقە کوڕی دەبێت، دوای مردنی باوکی خۆی دەبێتە بازرگان و زۆرجار کاتێ دەڕۆیشت، نیوەڕۆیان نەدەچۆوە ماڵێ بۆ نانخواردن، ئێواران وەکی دەگەڕاوە بۆ ماڵێ خۆیان لە سەری ڕێگا ماڵەک دەبێت پەنجەرەیان دەیڕوانییە کۆڵانێ، وەکی ئەو کوڕە بە وێدا دەهات لایەکی پەنجەرەی کراوەتەوە، کیژەکی لێ بەدیار دەکەوێت، لە وەسفی کیژێدا دەڵێت: *((لەگەر مانگێ شەڕی دەکرد نەیکەی نەبخۆی، هەر زەینەت بوو تەماشای گەردەنی بکەی...))*(پیرداود قادر، ٢٠٠٩، ١٢٩). لەم وەسفەدا دەبینین تەنها وەسفی لایەنی دەرەوەی کچە دەکات، کە جوانیدا بێوێنەیە.

لە وەسفی کوڕێکی هەژار و لە هەقایەتی (خوا کەسی بێ کەسانە)دا، پیاوێکی هەژار دەبێت، هەموو ڕۆژێک لە دوای نوێژی بەیانیان کەچە داسولکەکی دەبێت، دەچووە ئەو دەرو دەشتەی هەرچەندەکی بیتانیبایە لە قرش و قارو پوش و پەراشی دەدوریەوە و دەیبردە شاری و دەیفرۆشت و پارەکەی بە یەک دوو نانان دەداو قەناعەتی خۆی پێدەیناو حەمد و سەنای خوای دەکرد، ڕۆژەکیان توشی ناسیارەکی دەبێت لە پاش حار و وەزع پرسینێ پێی دەڵێت: ئەرێ ئەوە لۆ لۆخۆت ژنەکی نایینی بەشکی بڕکۆکەک ژیانت بگۆڕێ؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: *((وەڵڵاهی کاکە ژنی بە چ بینم؟ ئەمن واخۆم پێ بەڕێوە ناچی! ئەوجە نۆبەتی ژن و مندارانە، دوایێ ئەمن نەمارم هەیە نەخانی و نەجێو ڕێ، کێ ژنم دەداتێ؟ ئەوە ژنیشیان دامێ! پارەی مارەییم لە کێ بوو؟ درێژەی نەدەمێ ئەمن و ژن*

*هێنانیان نەگۆتییە...))*(پەرچەم، ٢٠٠٨، ١٥٥). گێڕەرەوە لەم وەسفە واتاییەدا دەبینین بەجۆرێک چۆتە قووڵایی ناخی کارەکتەر و لەو هەموو خەم و ئازارەی کە لە ناخی کوڕەدا هەیە، هەمووی لە ئەنجامی نەبوونی و نەدارییەوە تووشی هاتووە و ناتوانێت ئەو ئاواتەی هەیەتی پێیبگات، بۆیە دەبینین کات لە ئەنجامی ئەم وەسفەدا سست دەبێت و نزیکدەبێتەوە لە وەستان.

لە وەسفی (پاشا) و لە هەقایەتی (سیپارەی پاشا)دا هاتووە و دەڵێت: *((لە سەردەمی کۆن پاشایەک هەبوو حوکمی وڵاتێکی دەکرد، تابڵێی زاڵم و زۆردار و ستەمکاربوو، رۆژێکیان خلێلەی (ببری) مردن کەوتە کەڵلەی، ترسی ئازاری قەبر بەرهەنگی گرت. بۆیە بانگی کوڕە گەورەی خۆی کردو گوتی...))*(نانەوا، ٢٠٠٧، ١٧٢). لەم هەقایەتەدا دەبینین لە وەسفی پاشای خراپدا، باس لە وەسفی واتایی کراوە بەوەی کە پاشایەکی زاڵم و زۆرداربووە بەرامبەر بە خەڵکەکەی، بەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کاتی گێڕانەوە بەرەو سستبوون بچێت و نزیکببێتەوە لە وەستان.

لە وەسفی (پیاو)دا و لە هەقایەتی (حرچانە کۆر)دا هاتووە و دەڵێت: *((هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، دەگێرنەوە دەرێن لەو وراتی کوردەوارییەی لە شارەکی وەکی کۆیێ کابرایەکی رەزا گرانی لچ ئەستووری سەرگەورەی ناشیرین هەبوو، سەرکی هەندی دوو دەرکان بوو، دەستی هەندێ شەنەکی دار دەبوو، ئەو کابرایە هەند ناشیرین و سندان لێدرای بوو کەس خۆشی نەدەویست لەگەر عالەمی دەژیاو دەیخواردو دەنوست، ئەو کابرایە کاسبی ئەوەبوو دزی دەکردو لەسەر ماری حەرام دەژیا، کەس نەیدەوێرایێ، هەر شەوێ دەچوو لە مارەکی دزی دەکرد، زگی بە کەس نەدەسوتا، قسەی خۆشی جوندان و نووکە خەنجەربوو...))*(شەقراوەیی، ٢٠٠٨، ١٤٠). لەم وەسفە درێژەدا کە لە زاری هەقایەتخوانەوە گێڕدراوەتەوە وەکو لە وەسفەکاندا دیارە، کورتەیەک لە ژیانی ئەو کابرایە کە ناوی حرچانە کۆر بووە، بە جۆرێک وەسفکراوە، کە باس لە ڕواڵەت و لەش و ئەندامانی جەستەی کابرا کردووە، بەم وەسفە پلەی کاتی گێڕانەوەی نزیک کردۆتەوە لە خاڵی سفر، کە بۆتە سستبوونی کاتی گێڕانەوە.

هەروەها لە وەسفی (کوڕی پاشا)دا، کە ناوی (قارەمان) دەبێت، دوای ئەوەی پاشای باوکی تووشی شەڕ دەبێت لەگەڵ پاشای چین و ماچینێ، پاشا بە دیل دەگیرێ لەم شەڕە کوڕی پاشاش دەکەوتە لای پاڵەوانەکی، ئەو پاڵەوانە هەموو ڕۆژی ڕاهێنانی پێدەکات، دەڵێ قارەمان وایلیێهات *((... بووە*

*پارەوانەک هەرخوا دەزانی چەند بەتێنبوو، دەرێ ڕۆژەک قارەمان لەگەر کابرای پارەوانی بەخێوکەری بووە شەڕەملەیان، وەڵلا پارەوان چەندی خۆی هێناو برد زەفەری بە قارەمانی نەبرد، دەرێ قارەمان هێشتا مایتت، وەڵلا سار سوراوە قارەمان نەبکەی نەبخۆی تەماشای بکەی لە جوانی و پارەوانی و سوارچاکی...))* (مەخموری، ٢٠١١، ٩٩). گێڕەرەوە لەمەشیان دەبینین بە هۆی تەکنیکی وەسفەوە، بۆتە سستبوونی کات و نزیکبۆتەوە لە پلەی سفر.

هەروەها وەسفی کارەکتەری (پیرەژن)، پیرەژن وەکو کارەکتەرێک لە نێو هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، بە هەردوو شێوەی (ئەرێیی و نەرێی)ی ڕۆڵدەگێڕێت و زۆرجارانیش لە ڕیزی کارەکتەرە سەرەکییەکانە، یەکێک لە ڕۆڵەکانی پیرەژن کە لە هەقایەتدا دەیگێڕێت ئەو نێوانەیە، کە لە نێوان کوڕان و کچان، دڵدار و دولبەران دەگێڕێت و هەندێکجار کوڕە دەگەیێنێتە کچەی عاشق و ڕێگەی پیشاندەدا، تەنانەت زۆرجاران پاڵەوان دەگەیەنێتە کچە پاشایان.

**٢- وەسفی شوێن:**

بێگومان شوێن کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر ژیانی مرۆڤ و دەستێکی باڵای لە دروستبوونی پێکهاتەی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤەوە هەیە، هاوکات بە یەکێک لە گەورەترین توخمەکان دەژمێردرێت، کە شوێنەوارێکی دیار بەسەر مرۆڤ بەجێدێڵێت، هەر شوێنە دەبێتە فاکتەرێک بۆ هەڵگرتنی بیر و بۆچوون و جیهانبینی مرۆڤەکان، ئەمە وێڕای ئەوەی کە چوارچێوەیەکە بۆ لە خۆگرتنی سەرجەم شتەکان.

شوێن لە حیکایەتدا بایەخی تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی کە یەکێکە لە توخمە هونەرییەکان، یاخود ڕووداوەکان تێیدا ئەنجام دەدرێت و کەسایەتییەکان تێیدا دەجوڵێنەوە، بەڵکو هەندێجار دەبێتە پانتاییەک بۆ هەڵگرتنی هەموو توخمەکانی (وێنەی پاڵەوان، گیانلەبەر و دار و بەرد، شتەکان، سەرجەم فۆڕمە خورافی و ئەفسانەییەکان) کە جوگرافیای حیکایەت لە خۆی دەگرێت، وەکو ڕووداو و کەسایەتییەکان و پەیوەندییەکانیان، لە هەمانکاتدا یارمەتیدەرێکە بۆ گەشەپێدانی بونیادی حیکایەت، لەگەڵ ئەمەشدا شوێن هەڵگری دیدگای داهێنکاری حیکایەتەکەیە، بەمشێوەیە شوێن تەنها نابێتە ئەو پارچە قوماشەی کە تابلۆکێشێك بۆ کێشانی وێنەیەک ئامادەی دەکات، بەڵکو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێتە ئەو فەزایەی، کە سەرجەم کەرەستەکانی ئەو تابلۆیە لە ڕەنگ، سکێچ و هێلکاریی، لە خۆ دەگرێت.

بەم پێیە شوێن: ((توخمێکی زیاد نییە، بەڵام چەند شێوەیەک لەخۆ دەگرێت و چەند مانایەکی تێدایە، هەندێجار دەبێتە ئامانجێک بۆ هەبوونی هەموو کارەکە))( بحراوی، ١٩٩٩، ٣٣). بەو واتایە شوێن لەنیو حیکایەتدا توخمێکی نەک زیاد نییە، بەڵکو زۆر کاریگەر و پێویستیشە بۆ ئەوەی ببێتە بونیادێکی پتەو، تاوەکو سەرجەم کەرەستەکان لە هەناوی خۆیدا جێگایان بۆ بکاتەوە و مانا ببەخشن، هەروەها دەشێ شوێن ببێتە بنەمایەکی کارا بۆ جێگیربوونی هەرەمی فەزای حیکایەتەکە، لەمبارەیەوە ((هەندێجار شوێن تەنها دەبێتە چوارچێوەیەک ڕووداو و کەسەکان لەخۆدەگرێ، جاری واش هەیە ڕۆڵێکی گرنگ لە بینای ڕووداوەکان و پێکهاتەی کەسەکاندا دەگێڕێت))(سابیر، ٢٠٠١، ٣٢٩). بۆیە ئەگەر قووڵبینەوە بۆ نێو تانوپۆی بوون بە هەموو کایە و کەرەستەکانی، دەبینین شوناسی خۆیان لە نێو خاڵێکدا دەدۆزنەوە و بەدەست دێنن، کە ئەویش (شوێن)ە، بەو واتایە شوێن دەبێتە ئەو میکانیزمە چالاکە، کە مانا بە شتەکان بدات و ناسنامەیەک بۆ خودی خۆی و سەرجەم شتەکانی دیکەش بە دەست بێنێت. لەمەوە دەبینین وەسفی شوێن

لە هەقایەتی (شوان و شەیتان)دا، پاڵەوانی حیکایەتەکە پیاوێک دەبێت بە تەنیا لە دورگەیەک دەژییێت و خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ دەبێت، حیکایەتخوان لە وەسفی دورگەکەدا بەمجۆرە باسی دەکات و دەڵێت: *((دورگەکە ساکە دەشتێک بوو.. کەورگێک، ئەشکەوتێک، پەناگەیەکی لێنەبوو.. هاودەنگی شوان جووتێک گەماڵ و پەزەکانی بوو...))*(حسن، ١٩٩٧، ١٤١). لەم وەسفەی شوێنەدا دەبینین بەجۆرێک هەقایەتخوان لە کاتی وەسفەکەدا سستییەک بە گێڕانەوە هەستی پێدەکرێت و ئامانج لەم وەسفە بەخشینی وێنەیەکی زەینییە بە خوێنەر یاخود گوێگر.

لە هەقایەتی (ئەژدیها)دا، پاڵەوانی هەقایەتەکە جووتیارێک دەبێت، ژنێکی دەبێت ناوی فاتە دەبێت، ئەو ژنە ڕۆژی ڕووناکی لێکردبووە شەوەزەنگ، نان و ئاوی لێکردبوو بە ژەهری مار، ڕۆژێک بە ژنەکەی دەڕێ تۆ هەمیشە لە ماڵێی، بۆ نایەیتە دەر بۆیە ڕەنگزەرد و بێتاقەتی وەرە سەرێ لە خەرمانەکەمان بدە، لە وەسفی باخ و شوێنەکەدا دەڵێت: *((لەبن کەپرەکە دابنیشە و سەیری جوانیی ئەو باخەی بەرامبەر بکە. نەک بە دڵێک بە سەد دڵ حەیرانی دەبی...))*(حسن، ١٩٩٧، ٩٨). لەم وەسفەشدا کاتێ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوێبیستی ئەم وەسفە دەبین، کە بۆتە شانۆ بۆ پیشاندانی ڕووداوەکان، زۆربەی ڕووداوەکان لەو شوێنە ڕوو دەدەن، لەم کاتەدا کاتی گێڕانەوەکە سست دەبێت و لە سفر نزیک دەبێتەوە، ئەم وەسفەش بە مەبەستی بەخشینی وێنەیەکی زەینییە بە خوێنەر یاخود گوێگر.

**٣- وەسفی گیانلەبەر:**

**مار:** پاڵەوانێکی خورافی باوی نێو ئەفسانە و هەقایەتەکانە و ((کۆنترین گیانلەبەرە و لە ژیانی ئینسان و پەیوەندی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ))(کەریم شارەزا، ٢٠٠١، ١٢). ئەم گیانلەبەرە خشۆکە بە پاڵەوانێکی زیندوو لەنێو هەقایەتەکاندا دادەنرێ و ((وەک کارەکتەرێکی زۆر کارو هەمیشەیی ئی ئەفسانە و ڕۆڵی جیا جیا دەبینێ و هێزی جیا جیا بەکاردێنێ، چ بۆ بەرگری لەخۆ کردن، چ بۆ یارمەتی دانی پاڵەوان))(حسن، ٢٠٠٧، ٤٢٦). مارەکانی ناو هەقایەتیش بە هەردوو جۆری خێر و شەڕ و چاک و خراپ دەردەکەون هەیانە چاکە لەگەڵ مرۆڤ دەکات وەکو فریادڕەسێک بە کەڵکی دێت، وەک لە هەقایەتی (خەونی پاشا و پیرەمێرد)دا، باس لە بوونی پاشایەک دەکەن ئەو پاشایە هەر ساڵێک خەونی بدیتبایە ئەوا جارچی ئەچوو جاڕی ئەدا لە شار کێ ئەزانێ پاشا چ خەونێکی دیوە ئەوا پاشا پاداشتی دەداتێ، بەڵام ساڵێک دەبێت پاشا خەونێکی ترسناک دەبینێ چەندی دەکەن کەس نازانێت خەونی پاشا بزانن و لێکی بدەنەوە، پیرەمێردێک لە دێیەکی دووری شارەکە بەرەو شار کەوتە ڕێ بۆ ئەوەی ئەویش خەونی پاشا لێکبداتەوە و پاداشت بۆ خۆی وەربگرێت، لەڕێگا ماندو دەبێت و لەڕێگا لەشوێنێک لادەدات و لێی پاڵدەداتەوە، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێ و هەناسەیەکی خواردەوە گوتی: دەبریا خەونی پاشام زانیبا بۆ ئەوەی پاداشتەکەم وەرگرتبا و ڕزگارم ببا لەم نەهامەتییە، لەو بیرکردنەوەیە دەبێت *((مارێکی ڕەشی بن زگ سۆر لەناو کەرەکە بەردەکە هاتەدەرێ گوتی: مامە پیرە من دەزانم پاشا چ خەونێکی دیوە من خەونەکەت بۆ دەگێڕمەوە بە ماناکەیەوە...))*(خۆشناو، ٢٠٠٧، ١٥٧). لەنێو هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا مارەکانیش شێوە و ڕەنگی جیاوازیان هەیە وەکو: ڕەش و سپی و زەرد و ڕەشی بن زگ سوور، هەروەها زۆرجاریش ڕەنگەکان دەبن بە پێناسەیەک بۆ کەسایەتی و توخمی مارەکان، بۆ نموونە ماری ڕەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زیاتر بۆ ڕەگەزی کوڕ و ماری دوژمن و ناپاک و مرۆڤی جادوو لێکراو بەکاردێ، ڕەنگی سپیش بۆ کچی شای ماران و ژنی شای ماران و ماری چاکەخواز بەکاردێ.

**ئەنجامەکان:**

١- لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، ئەو وەسفەی لە لایەن هەقایەتخوانەوە بۆ کەسێتییەکان دەکرێت، بەجۆرێکە کەسایەتییەکە شایەنی ئەو وەسفەیە، کە بۆی دەکرێت، چونکە دەجەنگێت لە پێناو ئەو ئامانجەی هەیەتی، بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێنێتەوە.

٢- لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، پاڵەوانەکان دەبنە بناغە بۆ سەرهەڵدانی کاتی ڕوودانی ڕووداو، باسکردنی کاتی ڕووداوەکان کە دەبنە ململانێی نێوان کەسێتییەکان، کە لە هەقایەتدا باسدەکرێن.

٣- هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی، لە ڕێی ڕووداوەکانەوە بنیاتی کاتمان پێدەناسێنێت و کاتەکەمان بۆ دیاریدەکات.

٤- هەقایەتخوان لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی، بەهۆی چوارچێوەی ڕووداو و کات و شوێنەوە پاڵەوان پیشان دەدات و خۆی تێکەڵ بە هەست و هۆش و لایەنی دەروونی ئەو ناکات و پاڵەوان لە دەرەوە هەڵدەسەنگێنێت.

٥- وەسفی شوێن لەنێو هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، گرنگی و بایەخێکی تایبەتی لای هەقایەتخوان و کەسێتییەکان هەیە، بە وەسفکردنی شوێنەکە دەبێتە پێناسەی کەسێتییەکان و دیاریکردنی پێگەی لەنێو ڕووداوەکاندا.

٦- لە ڕووی تایبەتمەندییەوە، هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی خستوومانەتەڕوو، ژانرێکی گرنگ و بایەخی ئەدەبییە، بەپێی تایبەتمەندییەکانی لە ژانرەکانی تری ئەدەبی جیادەکرێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بەزمانی کوردی

### کتێبەکان

١- ئەڵوەنی، نەجم خالید نەجمەددین، ٢٠٠٤، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، (ژانی گەل، شار، ڕاز)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢- ئەڵوەنی، نەجم خالید، ٢٠١٣، جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب دا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ:٢٧.

٣- بەکرەجۆیی، ڕێبوار، ٢٠٠٨، چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری ناوچەی پشدەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٤- پەرچەم، ئەزوەر، ٢٠٠٨، خوا کەسی بێ کەسانە، ئاسۆی فۆلکلۆر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ژ: ٣٥، هەولێر.

٥- حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد، ٢٠٠٩، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٦- جووتیار، خالید، ٢٠٠٨، بۆنی بێگانان دێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٧- حسن، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٠٨، تێرنەخۆرە (کۆمەڵە ئەفسانە و حیکایەتی فۆلکلۆری نێو کوردەوارییە)، بەرگی یەکەم، بەشی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٨- حسن، محمد فریق، ١٩٩٧، مەملەکەتی ماسی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٩- سابیر، پەرێز، ٢٠٠١، بینای هونەری چیرۆکی کوردی(لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی.

١٠- سەراج، عەبدوڵلا، ٢٠٠٧، بەرەو... ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١١- سەعید، جەلال ئەنوەر، ٢٠٠٩، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی کەمال.

١٢- شەقراوەیی، خەلیل، ٢٠٠٨، حرچانەکۆر، ئاسۆی فۆلکلۆر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ژ: ٤٠، هەولێر.

١٣- خۆشناو، پەیوەست، ٢٠٢٣، بنیاتی توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا، سۆفیا، کۆیە.
١٤- علی، حسین صابر،٢٠١٠، نێرگزەکانی قەڵات ئەفسانەو هەقایەتی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٥- فتوحی، سوارە و وەیسی، رەسول، ٢٠١٤، ڕاز، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
١٦- مەخموری، پیرداود، ٢٠١١، سۆرێ چاوشین، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر.
١٧- مەولوود، عەبدڵلا خدر، ٢٠١٢، ئەفسانەکان وادەگێڕنەوە(کۆمەڵە ئەفسانەو حەقایەتێکی کوردەوارییە)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

## نامە ئەکادیمییەکان:

١- ئیبراهیم، سەرکەوت عومەر، ٢٠٠٨، بنیاتی هونەری لە ڕۆمانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(١٩٩٨-٢٠٠٨)، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.
٢- عەلی، لوقمان ڕەئوف، ٢٠١٠، ڕەهەندەکانی شوێنکات لە دەقە والاکانی شێرکۆ بێکەسدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان/ زانکۆی سلێمانی.
٣- محەمەد، ئیبراهیم قادر، ١٩٩٧، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشور (١٩٧٠-١٩٨٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٤- مام صوفی، هونەر انور، ٢٠٢١، شیکردنەوەی پێکهاتەی حیکایەتی کوردی لەسەر بنەمای تیۆری حیکایەتناسی ڤلادیمێر پرۆپ، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران.

## گۆڤارەکان:

١- تاڵەبانی، موکەڕەم ڕەشید، ٢٠٠٧، یەک گۆزە لیر، گ: ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ: ٢٩، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٢- خۆشناو، بایز، ٢٠٠٧، خەونی پاشا و پیرەمێرد، گ: ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ: ٢٧، هەولێر.
٣- جەوهەر، حەیدەر، ٢٠٠٦، حەکایەتی میللی کوردی (بایەخ و ئەرک و لایەنە هونەرییەکان)، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ: ٢٢، هەولێر.
٤- ڕەشید، سابیر، ١٩٩٩، (کات)ی چیرۆک و ڕۆمان لە ڕوانگەی نوێخوازی و بونیاتگەرییەوە، گ.ڕامان، ژ:٣٣.
٥- قادر، پیرداود، ٢٠٠٩، تەماع، گ: ئاسۆی فۆلکلۆر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ژ: ٤٤، هەولێر.

٦- نانەوا، محەمەد کەریم، ٢٠٠٧، سیپارەی پاشا، گ: ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ: ٣٠، چاپخانەی ڕۆشنبیری.
٧- نانەوا، محەمەد کەریم، ٢٠٠٨، کوڕەزاکانی مام ڕەسو، گ: ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە: ٣٩، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

### کتێبە عەرەبییەکان:

١- ابراهيم، نبيله، ١٩٩١، اشكال التعبير فى الادب الشعبى، ط١، دار المكتبه غريب للطباعه القاهره.
٢- الرازى، محمد بن ابى بكر بن عبدالقادر، (١٩٨٦)، مختار الصحاح، دائرة المعاجم فى المكتبة لبنان، بيروت.
٣- محفوظ، عبدالطيف، ٢٠٠٩، وظيفة الوصف فى الرواية، منشورات الاختلاف، ط١، الجزائر.
٤- مرسى، احمد(د.)، ١٩٧٥، مقدمة فى الفلكلور، دار الثقافة للطباعة.

---

## The Structure of Time in Kurdish Folklore Stories

**Rokan Gawril Shaiya Marben**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Koya university, Koya, Kurdistan Region Iraq.
Email: Rokan.gawril@koyauniversity.org

**Asst. Prof. Dr. Kaify Ahmad Abdulqader**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Koya university, Koya, Kurdistan Region Iraq.
Email: Kaify.ahmad@koyauniversity.org

***Keywords:*** *Time, story, view, abbreviation, repetition*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

This study is entitled "**The Structure of Time in Kurdish Folklore Stories**". Time as a main and important technique of literary and artistic works, the researcher under this title, has tried to present the importance of Kurdish folklore stories. Through these important structures, which the storyteller has been able to use skillfully and proficiently in stories, he has also been able to deal with the time of events, grow, and change with them properly. What is important in this study is that the researcher has highlighted the important techniques of time, which play a major role in constructing the timing of events and their use by the storyteller. The researcher has also highlighted the techniques of speeding up and slowing down time, which play a role in accelerating and slowing down the narrative time, because there are some phrases, which have been mentioned in the examples of stories, used by the storyteller It has slowed down the time, and sometimes because of these techniques, the narrative time is close to a halt, especially when using the descriptive method, which the researcher has mentioned in this study.
Keywords Time, story, view, abbreviation, repetition.

## ملخص:

يحمل هذا البحث عنوان "بنية الزمن في القصص الفولكلورية الكردية" ، إذ يعدّ الزمن تقنية رئيسة ومهمة في الأعمال الأدبية والفنية عموما والسردية على وجه الخصوص، وقد حاول الباحث عرض أهمية القصص الفولكلورية الكردية وتقنيّاتها المستخدمة في ضوء تلك التقنيات المهمة التي استطاع الروائي ضخّها في عمله الروائي وبإحكام، فضلا عن تمكّنه من تسيير الأحداث الروائية والتعامل مع نموّها وتطوّرها. وقد سلّط البحث الضوء على الزمن وتقنيّاته لما له من وظيفة رئيسة في تأسيس زمن الأحداث وطريقة استخدام تقنيّاته من لدن الروائي، فضلا عن التركيز على تقنيي تسريع السرد وإبطائه لما لهما من دور في تسريع والأحداث وإبطائها، وقد أشرنا إلى مجموعة من الأساليب التي اتّبعها الروائي والتي كانت سببا في تسريع السرد أحيانا وإبطائه في أحايين أخرى، أو إيقافه في حال استخدام الروائي تقنية الوصف والتي أشرنا إليها في تلابيب البحث وأروقته.